

# خەونێک لە
# کڕێوەی ڕووداودا

سۆز إبراهیم سلاح & سنە ئازاد هەمەوەندی

KING'S SCHOOL

# خەونێک لە کرێوەی ڕووداودا

لەلایەن:
سۆز إبراهیم سلاح & سنە ئازاد هەمەوەندی

بڵاوەکراوەتەوە
لەلایەن:
قوتابخانەی کینگ

www.kingsschool.edu.krd

# پێشەکی

ئەم چیرۆکە دەست پێدەکات لەو کاتەوەی ژیانم هێشتا خۆش و ئارام بوو، بەڵام بیرم لەوە نەکردبۆوە ئەو دڵخۆشی و ئارامیە گۆڕانێکی گەورەی بەسەر دادێت ودەگۆڕێت بۆ خەم و دڵتەنگی، دەبێت بەهێزی بنوێنی لە کاتێک کە هەست دەکەیت هەموو شتێکت لە دەستت چووە و دەبێت بۆ شتێکی نوێ بەرەوپێش بڕۆیت.

لە ماڵێک، شەوێک هەموو شت بە تەواوی گۆڕابوو، من هەستم کرد کە ژیان بە شێوەیەکی نوێ دەستپێدەکات، پڕ بوو لە بیرکرنەوە، خەیاڵکرد، خەم و هیوای نوێ.

بەڵام بە کۆڵنەدان و بەهێزی و هاندانی خۆم توانیم هەستمەوە سەرپێ و هیوایە نوێیەکانی خۆم و خەونی دایکم بەدی بهێنم و دایکم لە ئاسمانەوە بیبینێت و شانازیم پێوو بکات. ئەم کتێبە هەموو بیر ودڵەزرۆکانی من دەڕوێنێت بۆ خوێندکاران و هەموو کەسێک کە دەیەوێت بە شێوەی من هەست بکات، بەڵام دەبێت بزانن کە سەرەتای ئەم چیرۆکە لە بێهیوایی لە هەست و یادگاریەکان دەستی پێکردووە.

## سەرەتای ئەم چیرۆکە لەگەڵ من دەست پێدەکات.

لە ساتێکدا دەست پێ دەکات کە ژیانم هێشتا ئارام بوو، بەڵام من نەمزانی ئەو ئارامییە گۆڕانێکی گەورەی بەدوای خۆیدا هەبوو. ناوم دوورە، ئەم چیرۆکە چیرۆکی منە: چیرۆکی دڵشکان، یادەوەری و فێربوون، بەهێزبوون لە کاتێکدا کە مرۆڤ هەست دەکات هەموو شتێکی لەدەست چووە. لە ساڵی ١٩٩٩ز، کاتێک لە کار دەگەڕامەوە، لەناو پاسێکی کۆن دانیشتبووم. پاسەکە پڕ بوو لە خەڵکی ماندوو کە هەر یەکە و لە بیر و خەمی ژیانی خۆیاندا ون ببوون. سەرم نابوو بە دەرچەکەوە، سەیری دەرەوەم دەکرد کە بە خێرایی لەپێش چاوم تێدەپەڕین، وەک ئەوەی کات خۆی بە خێرایی دەڕوات.

لەو ساتانەدا کە مرۆڤ تەنیا دەبێت، بیرەکانیشی زیاتر دەبێت. کەوتبوومە ناو باس و گفتوگۆیەکی کورت لەگەڵ خۆمدا و خۆم لەناو گفتوگۆیەکی بێدەنگ لەگەڵ خۆمدا دەبینی کە ئایا من چی کار و کردەوەیەکی باشم کردووە؟ کە خودای گەورە ئەم خێزانەی پێ بەخشیوم و ژیانێکی خۆش و ئارام و بێ کەم و کوڕتی و بێ کێشەم پێ بەخشراوە. ئەو ژیانە ئارامەی کە زۆر خەڵک بەدوایدا دەگەڕێن! هەستم دەکرد من مرۆڤێکی ئاساییم، نە زۆر باشتر لە کەسانی تر و نە خراپتر، ماڵێکمان هەبوو پڕ لە خۆشەویستی.

دایکێکم هەبوو کە بە هەموو مانای وشە ببوو بە هێزی ژیانم. بەڵام لەناو ئەو بیرانەدا، هەستێکی قورس دڵمی داگرت؛ هەستێکی ترس و دڵتەنگی بۆ ئەم بارودۆخەی کە تێیدا بووم. ئازارێکی یەکجار زۆری پێ دەبەخشیم کاتێک بیرم لێی دەکردەوە، ئەویش ئەوە بوو کە دایکم نەخۆش بوو و لە کۆتا قۆناغەکانی ژیانیدا بوو. ئەو ڕستەیە لەوانەیە سادە دەربکەوێت، بەڵام کاریگەرییەکی یەکجار قورسی هەبوو.

ترسی من لەوە بوو کە ئایا گەر دایکم شتێکی بەسەر بێت، من چۆن دەژیم؟ من چۆن بەرگە دەگرم؟ من دەردە دڵ خۆم لای کێ بەیان دەکەم؟ چونکە پزیشکەکان وتیان نەخۆشییەکەی لە قۆناغێکی سەختدایە. من و خوشکەکەم هەوڵمان دەدا دڵخۆشی بکەین، بەڵام ترس و دڵتەنگییەکی زۆر دڵ و دەروونمانی داگرتبوو. ئێمە لە منداڵییەوە بێ ناز و باوک گەورە بووین؛ باوکم شەهیدی خاکەکەم کوردستانە. لەو ڕۆژەوە دایکم تەنها دایکایەتی بۆمان نەدەکرد، بەڵکو ببوو بە باوک، هاوڕێ، مامۆستا و هەموو شتێک بۆ من و خوشکەکەم. ئەو هەمیشە بەهێز و زیرەک بوو، تەنانەت کاتێک ماندوو دەبوو، هەوڵی دەدا پێکەنین لەسەر لێوەکانی بێت و ئێمە دڵخۆش بین و هەست بە ماندووبوونی ناخی نەکەین. بۆیە بیرکردنەوە لەوەی کە ڕۆژێک ئەو لەگەڵمان نەمێنێت و ڕۆژێک بێ ئەو بەسەر ببەین، شتێک بوو کە

نەمدەتوانی باوەڕی پێ بهێنم.

کاتێک پاسەکە وەستا، بە خێرایی دابەزیم و هەوا سارد بوو. گەڕامەوە ماڵەوە، لە خەمی دایکم هیچ شتێکم بۆ نەدەخورا و زۆر تامەزرۆی بینینی بووم. لە هەمان کاتدا زۆر هیلاک بووم، بەڵام نەمدەویست بخەوم. دەموویست جلی کار بگۆڕم و بڕۆم بۆ لای دایکم لە نەخۆشخانە، بەڵام بێ ئەوەی هەست بکەم خەوم لێکەوت. نەمدەزانی ئەو خەوە کۆتایی ئەو ئارامییە بوو کە پێم وابوو هەمیشە دەبێت. لە ناوەڕاستی شەو بە زەنگێکی تەلەفۆنەکەم بە ئاگا هاتم و سەیرم کرد. خوشکەکەم بوو ڕاستەوخۆ لەسەر جێگاکەم ڕاچڵەکیم و هەستێکی سەیرم بۆ دروست بوو، وەک بڵێی شتێکم زانیبێ. کاتێک تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، بە دەنگێکی لەرزۆک و گریانەوە پێمی گوت: "کاکە! خێرا بگە بۆ نەخۆشخانە، دایکم داوای بینینی تۆ دەکات." لەو ساتەدا هەموو شتێک وەستا. نەمدەتوانی بجوڵێم، تەنانەت هەناسەدانم زۆر قورس بوو. وشەی "خێرا" لە مێشکم دووبارە دەبووەوە. منیش بێ بیرکردنەوە و بە خێرایی خۆم ئامادە کرد و بەڕێ کەوتم، ڕێگاکان زۆر قەرەباڵغ بوون، بەڵام من هیچ شتێکم نەدەبینی.

هەموو شتێک وەک خەونێکی تاریک بوو. کاتێک بە پەلە گەیشتمە نەخۆشخانە، ڕامکرد بۆ ئەو شوێنەی کە دایکم تێیدا بوو. کاتێک لەسەر

پایەکاندا بووم، گوێم لە گریان و هاوار بوو. ئەو دەنگانە بە شێوەیەکی ترسناک دڵ و مێشکمیان داگیر کرد.

لەو ساتەدا زانیم کە ڕووداوێکی گەورە ڕوویداوە، بەڵام نەمدەتوانی باوەڕ بە دڵ و مێشکم بهێنم. ڕاستەوخۆ ڕامکردە ژوورەکە، ژیانم بە یەک سات گۆڕا. دایکم... گیانی لەدەست دابوو. وشەکان ناتوانن ئەو ساتە وەسف بکەن. هەستم دەکرد وەک ئەوەی هەموو دونیا بەسەرمدا ڕووخا بێت. گوێم لە هیچ شتێک نەدەبوو، تەنها سەیری ڕووخساری ئارام و بێجووڵەی دایکمم دەکرد. لەو کاتەدا دکتۆرەکان ویستیان جەستەی دایکم ببەن، بەڵام ڕێگریم کرد و گریام و پاڕامەوە و وتم: "تکایە، تەنها بۆ دواجار... تکایە مەیبەن." دەستە ساردەکەیم گرت و بۆ دواجار بۆنم کرد و ماچم کرد. دایکمیان برد و منیش هەستم دەکرد بەشێکی ژیانمیان برد لەگەڵ خۆیان. دواتر هیچ شتێکم بیر نەما، چونکە لە هۆش خۆم چووم. بۆ بەیانییەکەی، کە دەیکردە یەکەم ڕۆژی پرسەی دایکم.

## یەکەم ڕۆژی پرسەی دایکم:

ئەو ڕۆژەی کە دڵتەزێنترین ڕۆژی ژیانم بوو، بە هۆش خۆم هاتمەوە. لەو ڕۆژەوە، چیرۆکی ژیانم سەرلەنوێ دەستی پێ کرد، چیرۆکێک کە پڕ بوو لە خەم. تەواوی ڕۆژەکە، بە کزی و ماتییەوە یادگارییەکانم دەهاتەوە یاد. نازانم ئەو ڕۆژەم چۆن بەڕێ کرد، تەنها دەمویست بێئاگا بم لەم ژیانە و بڕۆم بۆ لای دایکم. ڕۆژئاوا بوو، پرسەکە کەم کەمە چۆڵ دەبوو، منیش زۆر دڵتەنگ بووم و بەرەوماڵەوە بەڕێکەوتم. بە ڕوویەکی کزەوە گەیشتمە ماڵەوە، هیچ هێزێکم تێدا نەمابوو و خەوتم.

### دووەم ڕۆژی پرسەی دایکم:

ئەو شەوە خەونێکم بە دایکمەوە بینی. لە خەونەکەدا زۆر بە پەرۆشەوە ماچی دەکردم و پێی دەوتم: "تۆ کوڕە تاقانەکەی منیت و دیاریی خودایت بۆ من." وا دیار بوو کە ئەوە کۆتا دیدارمان بێت. لەناکاو لەو خەوە ڕاچڵەکیم و هاوارم دەکرد: "دایکە... دایکە...!" بەڵام بێ وەڵام مامەوە. دەستم کرد بە گریانێکی بەکوڵ و لە ژیان بێهیوا

بووم. ئەو شەوە، لە پەنجەرەکەوە سەیری ئاسمانم دەکرد و بە گریانەوە دەموت: "دایکە، من هێشتا لێرەم و هەوڵ دەدەم ببمە جێی شانازیت." ئەمەش باری سەرشانمی قورستر کردبوو، زۆر شتم لەسەر کەڵەکە ببوو. من وازم لە خوێندن هێنابوو بۆ ئەوەی بژێوی ژیانمان دابین بکەم، بەڵام دایکم هەمیشە پێی دەوتم بخوێنم، چونکە دەیگوت: "خوێندەواری چەکێکە بۆ سەرکەوتن." دووبارە بەدەم بیرکردنەوە و گریانەوە خەوم لێکەوت.

ڕۆژ هەڵهات و ڕۆژی دووەمی پرسەکە بوو. تەواوی ڕۆژەکەم بە بێدەنگی بەسەر برد و هەموو شتێک بۆم قورس بوو. بیرکردنەوە لە بێ دایکی زۆر سەختە، جا چ بگاتە ئەو قۆناغەی کە لە ژیانی ڕاستەقینەدا بێ دایک بژیم؟! نەمدەتوانی باوەڕ بکەم و بیرم دەکردەوە: ئاخۆ دەبێت تا کۆتایی تەمەنم ژیان بەم ناخۆشییەوە بەڕێ بکەم؟! لە کۆتاییدا، بۆ ئەوەی خۆم لە بیرکردنەوە ڕزگار بکەم، خەوتم و ئەو ڕۆژەشم بەو شێوەیە بەڕێ کرد.

**سێیەم ڕۆژی پرسەی دایکم:**

لە سێیەم ڕۆژدا، بەیانییەکەی هەموو خزم و دۆستان لە ماڵمان کۆ بوونەوە بۆ ئەوەی سەردانی گۆڕەکەی بکەین. لە کاتێکدا خۆمم ئامادە

دەکرد، بیرم لێ دەکردەوە: "ئاخۆ ئێمە ئەوەندە خراپ بووین کە دایکم ماڵی خۆی لێ جیا کردینەوە؟ ئاخۆ دەبێت ئێمە چیمان کردبێت!" بێ وەڵام مامەوە، خۆم ئامادە کرد و بەرەو گۆڕستان بەڕێکەوتین. لە ڕێگادا گوڵی سوورم بۆ کڕی، چونکە دایکم زۆر حەزی لێی بوو. گەیشتین و سەردانیمان کرد، گوڵەکەم بۆی برد، بەڵام وەک هەموو جارێک خۆی لێی وەرنەگرتم، بەڵکو خاکەکە لێی وەرگرتم. زۆر دڵتەنگ بووم و گریام. بانگم کرد، بەڵام وەڵامی نەبوو.

ڕۆژئاوا بوو، لە گۆڕستانەوە بەرەو ماڵەوە گەڕاینەوە، بەڵام پرسیارێک لە مێشکمدا مابووەوە: "بۆچی دایکم وەڵامی نەدامەوە؟" ژیانم بەبێ ئەو چی لێ دێت؟ زۆر هەستم بە دڵتەنگی و بێزاری دەکرد. بیرم لە قسەکانی دایکم دەکردەوە کە هەمیشە پێی دەگوتم: "هەرگیز جێت ناهێڵم و ناتوانم بەبێ تۆ بژیم." منیش هیچ ڕۆژێک نەمدەتوانی لە دەرەوە بمێنمەوە، هەمیشە دەمگوت با لە چاوەڕوانیدا نەیهێڵمەوە و زووتر بگەڕێمەوە ماڵەوە. بەڵام ئەمجارە دایکم بۆ هەتاهەتایە لەدەست دا. لەگەڵ ئەوەشدا، قسەیەکی تری دایکمم بیرهاتەوە کە دەیگوت: "مرۆڤ دەبێت لە کاتە سەختەکانیشدا بەهێز بێت، بەمە دەوترێت کەسی بەهێز." منیش دەبێت بەو شێوەیە لە ژیان بەردەوام بم و یارمەتیی خوشکەکەم بدەم لە هەموو ڕوویەکەوە. بەڵام دڵنیام کۆچی دایکم

دەبێتە کۆسپێکی گەورە لە ژیانمدا، چونکە ئەو سەروەت و سامانم بوو. دونیام دایکم بوو، بۆیە لەو کاتەدا بڕیارم دا بگەڕێمەوە بەر خوێندن و بەهێز بم. بە هەر حاڵ، ئەو شەوەم بە بیرکردنەوە لە قسە بەنرخەکانی دایکم بەسەر برد. ئەمە زۆر دڵتەنگی کردم، چونکە هەموو شتێک لەم ماڵەدا بێدەنگ بوو؛ تەنیا ئامۆژگاری و یادگارییەکانی دایکم مابوونەوە. وێنەیەکی دایکم لەلا بوو، بە گریانەوە ماچم دەکرد و لە باوەشی خۆمدا خەواندم، بەو شێوەیە زۆر بە سەختی شەوەکەم تێپەڕاند.

دوای کۆتایی هاتنی پرسەکە، هەستم دەکرد ئەم ماڵە چیتر ئەو ماڵە نییە کە تێیدا گەورە بووم و ژیاوم. هەموو شتێک وەک خۆی بوو و لە جێگەی خۆیاندا مابوون، بەڵام بەهۆی نەبوونی و بێدەنگیی دایکمەوە، هەموو شتێک گۆڕابوو. چێشتخانەکە بێ بۆنی چا و خواردنە خۆشەکانی دەستی دایکم بوو، هیچ کاممان ئارەزووی خواردن و خواردنەوەمان نەدەکرد. بێدەنگی باڵی بەسەر ماڵەکەماندا کێشابوو، تەنانەت شوێنی دانیشتنەکەش بێ قسە گەرم و گوڕ و پڕ سوودەکانی دایکم مابووەوە.

بە ڕوویەکی پەشۆکاو و کزەوە چووم بۆ ژوورەکەی؛ بینیم جلوبەرگەکانی هێشتا بە ڕێکی لە شوێنی خۆیاندا مابوون، دەستم بۆ جلێکی برد کە من ئەو دیارییەم هاتەوە یاد کە لە ڕۆژی

لەدایکبوونەکەیدا پێشکەشم کردبوو؛ چەند دڵی پێی خۆش بوو! هێشتا بۆنە خۆشەکەی دایکمی لێ دەهات.

لەو کاتەدا هەستم کرد کە مەرگ تەنیا بردنی جەستە نییە، بەڵکو بردنی هەست و سۆز و یادگارییەکانی کەسی بەرامبەرە. بە تامەزرۆییەوە دەمویست تەنیا بۆ جارێکی تریش بێت گوێم لە دەنگی بێتەوە؛ ئەگەر بۆ کۆتا جاریش بێت تا دڵم بحەسێتەوە. هەمیشە ئەوەم دەهاتەوە یاد کە هەر کاتێک دەچوومە دەرەوە، پێی دەوتم: "ئاگات لە خۆت بێت، دڵم لە لاتە." بەڵام ئێستا کەسێکم نییە بە ناوی دایک کە ئەو قسەیەم پێ بڵێت. دەمەوێت بگەڕێتەوە و پێی بڵێم کە زۆرم خۆش دەوێت و بێ ئەو هێزی ژیانم نییە؛ هیچ دایکێک لەم گەردوونەدا نابێتە دایە جوانەکەی من.

لەم ساتانەدا هەستەکانم، ژاوەژاوی ناو مێشکم و دڵە غەمگینەکەم، هەموویان بەیەکەوە بەسەرمدا کۆ ببوونەوە. توانای کۆنترۆڵکردنی هەستەکانم نەبوو و نەمدەتوانی ژیانی بێ دایکی قبووڵ بکەم. یادگارییەکانم لەگەڵ دایکم لە ناو مێشکمدا دەسوڕانەوە؛ بیرم دەکەوتەوە هەر کاتێک ڕۆژێکی خراپم هەبوایە، دەگەڕامەوەماڵەوە و سەرم دەخستە سەر کۆشی دایکم. ئەویش دەیووت: "تاقانەکەی من، دیسان بۆ دڵت تەنگە؟ کێ وای لێ کردووی؟ کێ بوێریی ئەوەی

هەبووە؟”

هەروەها دەیووت: “من کوڕێکی بەهێزم پەروەردە کردووە، شتی زۆر لەوە قورستر چاوەڕێتە و پێویستە لە هەوڵ و تێکۆشان نەکەویت.” بەدەم گریانەوە دەموت: “ئەی ئێستا چی بکەم دایە گیان؟ من چۆن بژیم بەبێ تۆ؟ چۆن توانیت کوڕە تاقانەکەت بگەیەنیتە ئەم حاڵە؟” من ناتوانم بۆ ساتێکیش تۆ لە بیر و هۆشم دەربکەم. هەرگیز چاوەڕێی شتێکی وەها قورسم نەدەکرد؛ ئەو کاتە دەمویست زەوی شەق ببات و لە بێ کەسی و ماندوێتیدا بچمە ناوی.

دوای کەمێک، بە خۆمم وت: پێویستە لە پێناو دایکمدا داهاتوویەکی گەشاوەم هەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش هەر پشت بە ئامۆژگارییەکانی ئەو دەبەستم. هەمیشە دەیووت: “هیچ کاتێک نەبینم دڵتەنگ بیت، گەرنا دڵم دەشکێت.” دەزانم دایە گیان، ئێستا دڵت زۆر لێم شکاوە، بەڵام چی بکەم؟ نەبوونی تۆ و دەنگ و بۆنە خۆشەکەت، نیوەی تەمەنی بردم. نیوەکەی تری تەمەنم دەمەوێت هەر لەبەر تۆ بژیم و سەربەرزت بکەم؛ لەو دونیایەی تریش هەوڵ دەدەم ببمە ئەو کەسەی کە تۆ پێت باش و خۆش بووە بە دەستی بهێنم، سەرکەوتوو بم و تۆش بمبینی. لە پێناوتدا هێشتا کات درەنگ نییە؛ هەر شتێک لە پێناو تۆ و بۆ دڵخۆشکردنی تۆ بێت. وەک ڕێگەیەک چەندە سەخت بێت، دەیبڕم. من

تەنها دەمەوێت تۆ لێم ڕازی بیت.

دایە گیان، تۆ زۆر حەزت دەکرد کە بڕوانامەم هەبێت؛ دەزانم هەمیشە ئەوەت ویستووە، بەڵام لای تۆ حەز و ئارەزووەکانی من گرنگتر بوون. ئەو کاتەی ویستم واز لە خوێندن بهێنم، ڕاستە پێت ناخۆش بوو بەڵام پێداگریت نەکرد. من ئێستا زۆر پەشیمانم؛ خۆزگە لە قۆناغی ئامادەییدا وازم لە خوێندن نەهێنایە. زۆر پەشیمانم کە نەمتوانی لەو ڕۆژەدا ئەوە بە تۆ نیشان بدەم کە بڕوانامە بەدەست دەهێنم و سەرکەوتووم، تا بزانیت کوڕێکی سەرکەوتووت پەروەردە کردووە. بەڵام وەک وتم، هێشتا کات درەنگ نییە. دەتوانم دەست پێ بکەمەوە و ببم بەو کەسەی کە حەزم لێیەتی، بەڵام ئەمجارەیان بە دڵی تۆ دەیکەم.

کاتێک منداڵ بووم، هەمیشە دەتوت: "بۆ نابیتە مامۆستایەکی باش تا خزمەتی گەلەکەمان بکەیت و نەوەکانی داهاتوومان پەروەردە بکەیت؟" منیش لەبەر خاتری تۆ بڕیارم داوە بگەڕێمەوە بەر خوێندن؛ دەست بەو ژیانە بکەمەوە کە تۆ بۆت دەویستم. منیش دەبێت سەرەتا توانای کۆنترۆڵکردنی هەستەکانم هەبێت، کات و ساتی بیرکردنەوە بزانم و بەرپرسیارێتیی ماڵەکەمان و خوشکەکانم بگرمە ئەستۆ.

لەم ماوەیەدا زۆر تەنها بووم؛ لەگەڵ بیرەوەرییەکانمدا هەستی تەنیایی

لە ناخمدا هێندە قووڵ بووەوە وەک بڵێی چەندین ساڵە بەتەنهام. تەواوی شەوەکە هەست و بیرکردنەوەکانم بە یادەوەرییەکانی دایک و باوکمەوە گرێ درابوون. دوای ئەوە، هەستەکانم گۆڕانکاریی قورسیان بەسەردا دەهات و بیرکردنەوەکانم بەرفراوانتر دەبوون. کەوتبوومە ناو خەیاڵێکەوە کە دایک و باوکم هێشتا لە ژیاندا مابوون؛ هەستێکی وەها خۆشم هەبوو کە بە قسە باس ناکرێت. لە خەیاڵەکەمدا چەندین جار لەدوای یەک باوەشم بە دایکمدا دەکرد و ماچم دەکرد. کاتێک بە هۆش خۆم هاتمەوە، زانیم بینینی ئەوان بۆ ئەوە بووە تا پشتیوانم بن و هانم بدەن.

بەڵام هێشتا نەبوونی دایکم برینێکی گەورەیە لەسەر دڵم؛ ڕاستییەکی تاڵە و خۆم بە تاوانبار دەزانم کە بۆچی دایکم بێ ماڵئاوایی ڕۆیشت؟ ئاخۆ چیمان کردبوو؟! نازانم کێ بدۆزمەوە وەڵامم بداتەوە، دایکیشم لێرە نییە تا وەڵامم بداتەوە؛ هەست بە دەنگی دایکم دەکەم لە مێشکمدا، ئەگەر لێرە بوایە وەڵامی دەدامەوە، بەڵام چۆن؟ نازانم...

ڕۆیشتم بۆ لای خوشکەکەم تاوەکو ئەو وەڵامم بداتەوە، بەڵام ئەویش بێدەنگ بوو و هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو؛ تەنیا شتێک کە وتی ئەوە بوو: ”کات زۆر درەنگی کردووە، بۆچی نەخەوتووی؟“ منیش بە دڵخۆشییەوە وتم: ”دایکم و باوکم بینی و قسەم لەگەڵیان کرد.“

دەیگوت: ”برا جوانەکەم، ئەمە تەنها خەیاڵ بووە.“ منیش لە ناو مێشکی خۆمدا دەموت: ”من چۆن باوەڕی پێ بهێنم کە بە ڕاستمە؟“ زۆر پێداگریم کرد، ئەویش یادەوەرییەکانی دایکمی بیر هاتەوە و دەستی کرد بە گریان.

دواتر منیش زۆر بە کزی مامەوە؛ تەنیا شتێک کە مێشکم داوای دەکرد، دایکم و وەڵامی ئەو پرسیارە بوو. تەنانەت ڕازی بووم بە وەڵامێکی ساردیش، تەنیا هۆکارێکم دەویست، بەڵام بێ وەڵام مامەوە. دەمویست لە ماڵێکدا بم بە تەنیا و دوور لە هەموو کەسێک بژیم تا دەروونم ئارام بکەمەوە، بەڵام ئەوەش مەحاڵ بوو؛ چونکە نەمدەتوانی خوشکەکانم بە تەنیا جێ بهێڵم و دەستبەرداریان بم، چونکە لەلایەن دایکمەوە ئەمانەت بوون و ڕادەستی من کرابوون. هەروەها دەبێت بیر لەوە بکەمەوە کە ئێستا من گەورەی ماڵەکەم و دەبێت دڵی خوشکەکانم خۆش بکەم، پێکەوە ژیانێکی نوێ بنیاد بنێین و لە هەمان کاتیشدا دەمزانی هیچ کەسێک ناتوانێت وەکو دایکە ئازیزەکەم بێت، چونکە دڵە جوانەکەی دایکم هاوشێوەی نەبوو لە پاکی و بێگەردیدا.

لەو کاتەدا زیاتر هەستم بە تەنیایی دەکرد و دەموت: دەبێت چی بکەم؟ کام ڕێگە بگرمە بەر؟ لە نەبوونی دایکمدا ڕوو لە کام لا بکەم؟ کارم گەیشتبووە ئەوەی هەر کاتێک باسی دایکیان بکردایە یان بیرم لێ

بکردایەوە، فرمێسک لە چاوەکانم نەدەوەستا. دووری و گۆڕە سارد و بێ ڕۆحەکەی دایکم، بە تەواوی ژیانی سەراوژێر کردبووم. بە جۆرێک کاری لە دڵ و دەروونم کردبوو، کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەنگ و کێشم دەرکەوتبوون. ڕەنگم وەک ڕەنگی تەرمێکی لێ هاتبوو کە هێشتا دڵی لە کار نەکەوتبێت؛ کێشم بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردبوو.

لەگەڵ ئازاردا هەموو ساتێک خۆم دەخواردەوە، بە جۆرێک هەندێک جار هیچ هێزێکی گریانم تێدا نەدەما؛ تەنیا دادەنیشتم و سەیری وێنەکانی دایکم دەکرد و پێیان غەمبار دەبووم. بەڵام من بڕیارم دابوو کە هەستەکانم کۆنترۆڵ بکەم، بگەڕێمەوە بەر خوێندن و ئەو خەونانەی دایکم بەدی بهێنم کە دەمویست لە ژیانیدا بیبینێت، بەڵام مەرگ ڕێگەی نەدا و زۆر زوو بەجێی هێشتین؛ بەم شێوەیە و بەدەم خەیاڵکردنەوە، خەوم لێکەوت.

لە خەو هەڵسام، بەڵام من لە جێگەی خۆم نەمابووم؛ هەموو شتێک زۆر جیاواز بوو، ڕێک پێچەوانەی ژیانی ئاسایی خۆم. هەموو شتێک بە تەواوی گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو؛ لە بچووکترین شتەوە تاوەکو گەورەترین شت، وەک (خانووەکان، کەشوهەوا و هتد). بەڵام من تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە کە بە گریانەوە و بەهۆی دووریی دایکمەوە خەوم لێکەوتبوو. خەوتبووم بۆ ئەوەی خۆم لە بیرکردنەوە و دڵتەنگی بەدوور

بگرم، بەڵام ئێستاش هەمان هەستم هەیە؛ خەوتنەکە ڕزگاری نەکردم لە بیرکردنەوە لە یادگارییەکانم لەگەڵ دایکمدا.

لە هەمان کاتیشدا هەستێکی ئاسوودەییم هەبوو، نازانم چۆن؟! ئایا ئەمە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە مرۆڤێکی دڵتەنگ بیت و لە هەمان کاتدا هەست بە ئاسوودەیی بکەیت؟ هەستێکی سەیر و سەرسوڕهێنەرم هەبوو کە ئاخۆ ژیان چۆن لە شەو و ڕۆژێکدا ئاوا دەگۆڕێت. لەگەڵ خۆمدا کەوتبوومە گفتوگۆ و خەیاڵکردن؛ ئایا تەنیا منم کە لە شەو و ڕۆژێکدا ژیانم ئاوا گۆڕاوە، یاخود کەسانی تریش هەن؟ نازانم وەڵامی ئەم هەموو پرسیارەم لە کوێ دەست بکەوێت.

دەمویست بزانم کێی تر وای بەسەر هاتووە؟ دوای ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە چییان بەسەر هاتووە؟ چییان ئەنجام داوە و چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا کردووە؟ من ئێستا پێویستم بە ئامۆژگاری و کەسێکی تێگەیشتوو هەیە، کە ئەم بارودۆخەی بەسەر هاتبێت و بزانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کردووە؛ کەسێک کە بتوانێت یەک بە یەکی وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە، بەڵام نازانم ئەو کەسە لە کوێ بدۆزمەوە.

هەستم دەکرد بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی دەچێت، ویستم زیاتر

بەدواداچوونی بۆ بکەم، بەڵام هیچ بیرۆکەیەکی باشم نەبوو کە چۆن ئەو کەسە بدۆزمەوە. تاکە شتێک کە لێی دڵنیا بووم ئەوە بوو کە دەبێت هەر بیدۆزمەوە؛ هەموو هەوڵێکی خۆم دەدەم و دەبێت وەڵامی تەواوی پرسیارەکانم لێ وەربگرێتەوە. نزیکەی یەک کاتژمێر هیچم نەکرد و هیچم نەگوت، تەنیا گوێم گرتبوو تا بزانم لە دەرەوەی ماڵەکە چی دەگوزەرێت. هەستم بە بوونی هیچ کەس و هیچ شتێک نەدەکرد، تەنانەت چریکەی باڵندەیەکیش نەدەهات.

هەستام و لە پەنجەرەکەوە سەیرم کرد، هیچ ئۆتۆمبێلێکم نەبینی و پێم سەیر بوو. کاتێک چوومە دەرەوە، بینیم هیچ کەس و شتێک بوونی نەماوە؛ ئاخۆ دەبێت خاکێک هەبێت کەسی تێدا نەژی؟! من یەکەمجارم بوو شتێکی وەها ببینم و هیچ زانیارییەکم لەسەری نەبوو، شتەکە لە ژیان نەدەچوو. زۆر ترسام و هەستم بە غەریبی و نامۆیی کرد؛ لە ناو دڵی خۆمدا وتم: “من تەنیا دەمویست بە دوای کەسێکدا بگەڕێم کە هەمان بارودۆخی منی هەبێت و وەڵامی پرسیارە بێ کۆتاییەکانم بداتەوە. نەمدەزانی ڕۆژێک دێت من ئەوەندە بە تامەزرۆی بینینی ڕۆحێک دەبم بۆ ئەوەی خۆم لە خەیاڵەکانم ڕزگار بکەم. دوای ئەوە چوومە دەرەوە و گەڕام؛ چەند کۆڵانێک ئەولاتر ڕۆیشتم، بەڵام هیچ کەس و هیچ شتێکم نەدۆزییەوە.

تەنیا لە سەرەتای کۆڵانێکدا ناوێکم بینی کە لەسەر پارچە کاغەزێک نووسرابوو و بە دیوارێکەوە هەڵواسرابوو. کاتێک لێی نزیک بوومەوە ویستم بیخوێنمەوە، بەڵام خوێندنەوەی زۆر قورس بوو؛ چونکە بە دەستوخەتێکی زۆر کۆن و ناشیرین نووسرابوو. بەڵام کاتێک زیاتر لێی ورد بوومەوە و لێم ڕوانی، بینیم نووسراوە: "کۆڵانی شەهیدان". بۆ ساتێک وەستام و ئەم وشەیە سەری سوڕماندم؛ کۆڵانی شەهیدان؟! ئەمە واتای چییە؟ لە چییەوە هاتووە؟ بە چ مەبەستێک نووسراوە؟ کێ نووسیویەتی؟ خۆ من هیچ کەسێک لێرە نابینم، تەنیا ڕوحی زیندوو لێرەدا منم!

ویستم باوەڕ بە خۆم بهێنم کە لەوانەیە هەروا خۆی نووسرابێت، بەڵام بیرم کردەوە کە بۆ هەر دروستکراوێک، دروستکەرێک هەیە؛ کەواتە دەبێت کەسێک لێرە بێت! بەو شێوەیە هیوام بۆ گەڕایەوە کە هێشتا دەتوانم بگەڕێم و کەسێک بدۆزمەوە، تەنانەت ئەگەر خۆشی حەشار دابێت؛ چونکە دەبوایە وەڵامی پرسیارەکانم وەربگرم و هێشتا پرسیارەکانم لە یاد نەکردبوو. دووبارە دەستم کردەوە بە گەڕان لە کۆڵان بە کۆڵاندا مامەوە تا خۆر ئاوابوو و درەنگانی شەوی بەسەردا هات، بەڵام هیچم نەدۆزییەوە. تەنیا هەندێک دەرگا و ڕێگەم لە سووچی کۆڵانەکاندا دەبینی؛ پێم وابوو ئەگەر بچم، دەگەڕێمەوە ناو ژیانە

ئاساییەکەی خۆم.

دەرگایەکم کردەوە، بەڵام دووبارە بێهیوا بووم؛ چونکە ئەوە تەنیا دەرگایەک بوو بۆ کۆڵانێکی تر. لەوە ورد دەبوومەوە کە بۆچی ئەم خاکەی من لەسەری دەژیم، ئاوا بچووک و تێکەڵە؟ کات درەنگی کردبوو، کۆڵانەکان زۆر تاریک و ترسناک دەهاتنە بەر چاو. بە ڕێگەیەکدا دەڕۆیشتم کە هیچ چرا و ڕووناکییەکی تێدا نەبوو؛ تەنانەت ئەو ماڵەشی لێی هاتبوومە دەرەوە، چیتر نەمدەزانی لە کوێیە. هەستم دەکرد بارودۆخەکە بەرەو ترسناکیی زیاتر دەچێت، لە دڵی خۆمدا وتم: "لێرە تەنیا من دەژیم، بۆیە با بچمە ماڵێک لەم نزیکانە." ماڵێکی فراوانم بینی، بە ترسێکی زۆرەوە چوومە ژوورەوە، بەڵام کەسی لێ نەبوو؛ بۆیە کەمێک بە ئاسوودەییەوە دانیشتم.

لەبەر ئەوەی زۆر گەڕابووم، یەکجار تینوو و برسی بووم. چووم سەیری ناو ساردکەرەوەکەم کرد؛ هەندێک میوە و ئاوی تێدا بوو، ڕاستەوخۆ خواردم و خواردمەوە. بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ئەمانە کێ لێرە دایناون، مەگەر لێرە کەس دەژیت؟ دووبارە مێشکم ئاڵۆز بووەوە و زۆر خەواڵوو بووم، بەڵام لەبەر ژاوەژاوی ناو مێشکم نەمدەتوانی بخەوم.

ڕاستە مێشکم هیچ دەنگێکی لێ نەدەهات، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزیی

بیرکردنەوەکانم و تەنیاییەکەمەوە، کە کەسێکم شک نەدەبرد قسەی بۆ بکەم، هەموو شتەکان لە مێشکمدا کۆ ببوونەوە؛ لە لایەکەوە خەمی دووریی خوشکەکەم کە نەمدەزانی لە کوێیە، چی دەکات و چی دەخوات؟ ئایا ئەویش وەک من کەوتووەتە ناو دنیایەکی ئاوا سەیرەوە؟ دووبارە دایکم بیر هاتەوە و دەستم کرد بە گریانێکی بەکوڵ؛ هەموو ئەو شتانەی بەسەرم هاتبوون لەو کاتەدا دەهاتنەوە یادم.

دەستم بۆ لای خوا بەرز کردەوە و بە کڕنووشەوە نزام دەکرد: "خودایە، خوشکەکەم بپارێزە؛ من لەم دنیایەدا تەنیا ئەو خوشکەم بۆ ماوەتەوە و لای من ئەمانەتە." لە خۆم دەپرسی: ئاخۆ من چ گوناهێکی وەها گەورەم کردووە کە خودای گەورە بەم جۆرە ئازارم دەدات و بە دووریی ئازیزانم تاقیم دەکاتەوە؟ دواتر بەدەم گریانەوە لە ژووری دانیشتنەکەدا خەوم لێ کەوت.

بۆ بەیانی، کاتێک بەئاگا هاتم، دووبارە دەستم کردەوە بە گەڕان لە ناو جەرگەی شارەکەدا. وا دیار بوو تا ئێستا ئەم شوێنە ناوچەیەکی گشتی بووبێت و خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێ کردبێت؛ کەلوپەلەکان بە جۆرێک بوون وەک بڵێی تەنیا چەند ڕۆژێکی کەم بێت جێ هێڵدراون. نەمدەزانی بیرکردنەوەکەم ڕاستە یان نا، بەڵام من وام دەبینی. لە دوای ئەوە، پردێکم لەو بەری شەقامەکە بینی؛ هەستم بە بێزارییەکی زۆر

دەکرد، بۆیە وتم با کەمێک پیادەڕەوی بکەم تا سەر پردەکە.

کاتێک چوومە سەر پردەکە، دیمەنێکی جوانم لێ دیار بوو کەمێک دانیشتم؛ پاش نزیکەی کاتژمێرێک، لەناکاو ڕووناکییەکم بینی کە لە یاریی ئاگرین دەچوو لە لای خوارەوەی پردەکە. زۆر بە پەرۆشەوە لە جێگەی خۆم هەڵسام و دەمویست لێی بڕوانم و بزانم ئەو ڕووناکییە چی بوو.

لەو کاتەدا بیرم بۆ زۆر شت دەچوو؛ ئایا دەبێت کەسێک بووبێت؟ ئایا ئەویش وەک من بەتەنیایە؟ ئایا بۆیە وای کردووە تا سەرنجی کەسێک ڕابکێشێت؟ ئاخر چۆن دەبێت شتێکی وەها، لە کاتێکی ئاوادا کە هیچ کەسێک بوونی نەماوە، ڕوو بدات؟ وتم تا زووە دەبێت بگەمە شوێنی ڕووناکییەکە. کەمێک دوور بوو، بۆیە ڕامکرد تا ئەم هەلە لەدەست نەدەم و بزانم ئاخۆ هیچ کەسێکی تر لە ژیاندا ماوە یاخود نا. بەرەو ئەو ئاراستەیە ڕۆیشتم کە دەیبردمەوە بۆ هەمان ئەو شوێنەی لێوەی هاتبووم (ناوەڕاستی شار). لە کۆتاییدا کۆڵانێکم دۆزییەوە بۆ ئەوەی بمگەیەنێتە شوێنی مەبەست.

کاتێک گەیشتمە شوێنەکە، هیچم نەبینی؛ هەستم بە بوونی هیچ کەسێک نەدەکرد لە دەوروبەرم، تەنیا پاشماوەی یارییە ئاگرینەکە

نەبێت کە تەقێنرابوو و لەسەر زەوییەکە کەوتبوو. لەو کاتەدا کەوتمە لۆمەکردنی خۆم؛ ئەگەر تەنیا چەند خولەکێک زووتر بهاتمایە، دەمزانی چی دەگوزەرێت و چی ڕوویداوە، کەسێکم دەبینی و دەمتوانی پرسیارەکانمی ئاراستە بکەم و وەڵامەکانم دەست بکەوێت، بەڵام بەداخەوە وا نەبوو پاشان بەپەلە و بە دڵتەنگییەوە بەرەوماڵەوە کەوتمە ڕێ. کاتێک گەیشتمەوە، زۆر هەستم بە ماندوێتی دەکرد و کەمێک پشووم دا.

بەیانییەکەی کە خەبەرم بووەوە، کات زۆر درەنگ بوو؛ هەستم بە سستی و خاوبوونەوەی جەستەم دەکرد و زانیم بەهۆی ماندوێتیی دوێنێوە کەمێک نەخۆش کەوتووم و پێویستم بە پشووی زیاتر و گرنگیپێدانە.

لەو کاتەدا ئەو ساتانەم هاتەوە یاد کە لە لای دایکم بووم؛ زۆر سەیر بوو، ئەو هەستی بە هەموو شتێکی ناخم دەکرد و دەیگوت: "بۆم باس بکە وهیچ شتێکم لێ مەشارەوە، من هەموو کاتێک گوێت لێ دەگرم." ئاخۆ دەبێت ئێستاش گوێی لێم بێت؟ ئایا هێشتا هەر وەک خۆی ماوەتەوە؟ هیوادارم وا بێت، چونکە من هیچ کاتێک ناتوانم ئەو لە بیر و هۆشم دەربکەم. ئەگەر ئازیزترین کەسیش لە ژیانتدا بێت و پڕ بە دڵ یەکترتان خۆش بوێت، هەرگیز ناتوانێت لە ناو دڵتدا جێگەی دایکت بگرێتەوە.

کەس ناتوانێت وەک ئەو، شەو و ڕۆژی ژیانی بۆ تۆ تەرخان بکات؛ کەس ناتوانێت کاتێک نەخۆشە، خۆی وا دەربخات کە هیچ کێشەیەکی نییە تەنیا لەبەر ئەوەی تۆ دڵتەنگ و ناڕەحەت نەبیت. ئەو کەسەی ئەو هەموو قوربانییە دەدات تەنیا دایکی منە، گیانم فیدای بێت.

ئاخر دایە گیان، من چۆن بتوانم پاداشتی ئەو هەموو چاکەیەت بدەمەوە؟ زۆر بێ کەسم بێ تۆ؛ ئامادەم بۆ دیدارێکی تۆ دەستبەرداری هەموو شتێکی ژیانم بم لە ناو جەنجاڵی بیرکردنەوەکانم لە دایکم هاتمە دەرەوە و چووم بۆ گەڕان بەدوای مرۆڤێکدا؛ ئاخۆ چ گوناهێکم کردووە کە ئاوا تامەزرۆی بینینی مرۆڤێک بم؟! ئاخر بۆچی کەسێک نایەتە سەر ڕێگەم و پێم بڵێت چیت پێویستە؟ من تامەزرۆی گرنگیپێدانی کەسێکم، تەنانەت ئەگەر نەشیناسم.

تا ئێستا نەمدەزانی نەبوونی کەسێک کە قسەی بۆ بکەیت و گرنگیت پێ بدات، بەم شێوەیە مرۆڤ سەرگەردان دەکات. من بەدەم ڕێگاوە دەڕۆیشتم و بیرم دەکردەوە... دەموت: من بەتەما بووم ئاواتەکانی دایکم بهێنمە دی، ببمە کەسێکی سەرکەوتوو و یارمەتی خۆم و خوشکەکەم بدەم بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانمان. هەروەها دەبوایە لە پشتی خوشکەکەم بم؛ نەک تەنها وەک برایەک، بەڵکو وەک دایک، باوک، هاوڕێ و لایەنگرێک. کاتێک خەونێکی هەبێت، دەبێت من پشتیوانی

بکەم و یارمەتیدەری بم و بە ئامۆژگارییە بەنرخەکانی دایکم هانی بدەم.

بەڵام سەیری ڕۆژگار بکەن، ئەوەندە سەیرە کە تەنها لە شەو و ڕۆژێکدا گۆڕانکارییەکی تەواو بەسەر ژیانتدا دێت.

من ئێستا بێ ئاگام لە خوشکەکەم؛ ئاخۆ خەمی لەوە گەورەتر هەیە دوای لەدەستدانی دایکم؟ بەڵام چ جۆرە دایکێک؟ دایکێک کە ببووە باوک، هاوڕێ، مامۆستا، پشت و پەنا، و تەواوی هۆی خۆشی ژیانم خوشکەکەم لێ ون بێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە من بووم کە ون ببووم؛ نەک تەنیا لە خوشکەکەم، بەڵکو لە تەواوی دنیا و خەونەکانم. ئەو هەموو خەون و خەیاڵانەی دامنابوو بۆ ئەوەی ببمە کەسێکی سەرکەوتوو و خەونەکانی دایکم بەدی بهێنم کاتێک لە ژیاندا بوو، هەر وەک خەیاڵێک لە جێگەی خۆیاندا مانەوە و نەمتوانی هەوڵیان بۆ بدەم. خودایە، ئەمە چ جۆرە ژیانێکە؟

بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن و بیرکردنەوە لەو شتانە. کاتێک سەیرم کرد، بینیم بووەتە شەو؛ دووبارە زۆر ترسناک بووەوە. ئەمجارە دڵتەنگی بە تەواوی باڵی بەسەر دڵ و دەروون و جەستەمدا کێشابوو. هیوام لەدەست دابوو کە بتوانم ژیانم بگۆڕم و دانم بەوە دانا کە شەڕ لەگەڵ

قەدەر ناکرێت؛ لەوانەیە خودای گەورە ئاوای لە قەدەری ئێمەدا نووسیبێت. بەڵام لە هەمان کاتدا دەشم وت: قەدەر بە هەوڵدان دەگۆڕێت. تەنیا نەمدەزانی لە ژیانێکی وەستاو و بێجوڵەدا، دەبێت چ جۆرە هەوڵێک بدەم؟ ئەمەش وەک پرسیارێکی نوێ بۆم دروست بوو؛ دووبارە ژمارەی پرسیارە بێوەڵامەکانم زیادی کرد. لە کاتێکدا لەوپەڕی بێهیواییدا بووم، هەوڵم دەدا پەنا ببەمە بەر ئەو قسەیەی دایکم کە دەیگوت: "مرۆڤ دەبێت لە کاتە سەختەکانیشدا بەهێز بێت، ئەمەیە پێی دەوترێت کەسی بەهێز".

بەم شێوەیە دەمویست هانی خۆم بدەم تا هیوام بۆ بگەڕێتەوە. کەمێک بیرکردنەوەم فراوانتر بوو، بەڵام هێشتا زۆر دڵتەنگ بووم؛ لە ڕاستیدا دوای کۆچی دایکم، من بۆ چرکەیەکیش هەستم بە دڵخۆشی نەکردووە. بۆیە ڕێگەی ماڵم گرتەبەر و گەڕامەوە؛ ئەمڕۆش وەک ڕۆژەکانی تر هیچ کەسێکم نەبینی، تەنانەت نە ئۆتۆمبێلێک و نە چۆلەکەیەکیش!

لە ماڵەوە لەسەر تەختەکەم پاڵکەوتم؛ سەرم زۆر دەهێشا و ژانی دەکرد، ئەمەش بەهۆی زۆری بیرکردنەوەکانمەوە بوو، بۆیە نە دەمتوانی پشوو بدەم و نە دەمتوانی شتێک بخۆم. بەڵام نازانم چۆن، دواجار خەوم لێکەوت. بۆ بەیانییەکەی لە خەو ڕاچڵەکیم؛ نەمدەزانی بۆچی

ئاوا بە پەلە هەڵسام، بەڵام لەبەر خۆمەوە دەموت: "بەڵێن بێت ئامۆژگارییەکانی دایکم جێبەجێ بکەم، تەنانەت ئەگەر کەسیش نەدۆزمەوە"، بەڵام چۆن؟ ئەوەم نەدەزانی! ڕاستەوخۆ بۆ گەڕان چوومە دەرەوە.

دوای گەڕانێکی زۆر، هەر وەک ڕۆژەکانی تر بێهیوا مامەوە؛ چونکە ئێوارە داهاتبوو و هێشتا هیچ کەسێکم نەدەبینی. من کۆڵان بە کۆڵان و کونج بە کونجی ئەم شارەم پێدەزانی، ئەوەندەی تێیدا گەڕابووم. ویستم بگەڕێمەوە ماڵەوە و چیتر خۆم ماندوو نەکەم. ڕێگەی ماڵم گرتەبەر و کاتێک دەڕۆیشتم، سەرم شۆڕ کردبووەوە و تەماشای زەوییەکەم دەکرد...

لە ناکاو سەرم بڵند کرد و چیم بینی! ئای خودایە، من ناتوانم ئەو ساتە وەسف بکەم! بینیم کچێک بەرەو ڕووم دێت؛ ئەویش ڕێگەی خۆی گرتبووەبەر و نوقمی ناو خەیاڵ ببوو. من ڕاستەوخۆ بەرەو لای ڕامکرد و بێ هیچ قسەوباسێک و ناسینێکی پێشوەختە، پێم وت: "من هەندێک قسەم هەیە و پێویستە بۆ کەسێکی باس بکەم." ئەویش وتی: "فەرموو." بەدەم ڕێگاوە دەستم کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆم لە سەرەتاوە؛ هەستم دەکرد کەم کەمە ناخم ئاسوودەتر دەبێت، چونکە زۆر قسەم لە دڵمدا هەڵگرتبوو. بەڵام لە هەمان کاتدا دڵم زۆر بە خێرایی

لێی دەدا، چونکە من بە تەواوەتی هیوام لەدەست دابوو و باوەڕم نەدەکرد مرۆڤێکی تر لەم دنیایە وەستاوەدا ببینمەوە!

ئەویش گوێگرێکی زۆر باش بوو؛ هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە. ئەو زۆر دڵپڕ بوو، فرمێسک لە چاوانی دەهاتە خوارەوە و لە گریان نەدەوەستا. منیش ئەو کاتە خۆزگەم دەخواست کە بۆم باس نەکردایە؛ پرسیارم لێ کرد ئایا ئەو باشە؟ لە وەڵامدا پێی وتم کە ئەویش ئێستا لە ژیانێکدایە کە کەسی لێ نییە و من تەنیا کەسم لەم خاکەدا کە بینیویەتی. منیش پێم وت: "نیگەران مەبە، ژیانی منیش ئێستا هەر وەک ئەوەیە کە بۆم باسکردی." بەڵام ئەو لە وەڵامدا وتی: "ئاخۆ کەس نەهاتووە بیەوێت ئازارت پێ بگەیەنێت وەک ئەوەی لە منیان کرد؟" لە مەبەستی تێنەگەیشتم؛ لە وەڵامدا بۆی باسکردم کە ویستوویانە ئازاری پێ بگەیەنن لەو خاکەی ئێستا لەسەری دەژین، لە ناو یەکێک لە خانووەکاندا. بەڵام نەیدەزانی ئەوەی ویستوویەتی ئازاری بدات مرۆڤ بووە یاخود گیانلەبەر! ڕاستەوخۆ هەڵاتبوو. پێم گوت: "ئایا تۆ دڵنیای؟" وتی: "بەڵێ، بەڵام نەمدەزانی ئەوە چییە." وتم: "نیگەران مەبە، من لێرەم و ناهێڵم هیچ کەس و شتێک ئازارت پێ بگەیەنێت." بەڵام لە ناو ناخی خۆمدا زۆر دەترسام و دەموت: ئاخۆ ئەوە چی بێت؟ ئایا لێرە مرۆڤێکی تری لێیە و دەیەوێت ئازارمان بدات؟ یاخود

گیانەوەرێکی کێوییە؟! نازانم ئەمە چ جۆرە ژیانێکە.

پێم وت: "با پێکەوە بڕۆین بۆ ماڵەکەی من،" چونکە ئەو شوێنەی ئەو لێی بوو زۆر ترسناک دیار بوو. پێکەوە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە؛ لە ڕێگادا زۆر قسەمان بۆ یەکتر کرد و کەمێک زیاتر یەکترمان ناسی. زۆر دڵخۆش بووم کە کەسێکم دۆزیوەتەوە قسەی بۆ بکەم و ئەویش وەک من بێت و هەمان هەستمان هەبێت؛ بۆیە دەمویست هەموو کات لەگەڵیدا بم و نەهێڵم هەست بە تەنیایی بکات، ڕێک وەک دایکم کە هەمیشە لەگەڵم بوو و نەیدەهێشت خەمبار بم.

کاتێک گەیشتینەوە ماڵەوە، کەمێک نانمان خوارد و پشوومان دا و خەوتین. بۆ بەیانی، کاتێک بەئاگا هاتین، زانیمان کە ئەمڕۆش هەر وەک دوێنێیە و هیچ گۆڕانکارییەک ڕووی نەداوە؛ بەڵام من ئەمڕۆ زۆر دڵخۆش بووم، چونکە تەنیا نەبووم و کەسێکم لەگەڵ بوو کە ئەویش بە هەمان شێوەی من، بۆ لەدەستدانی ئازیزانی دڵتەنگ بوو. زۆر شتمان دەربارەی یەکتر زانی بەدەم ڕێگاوە دەڕۆیشتین و پێی وتم کە شوێنەکەم نیشان دەدات لەو کاتەدا منی بردە بەردەم کۆڵانێک زیادە بینیم لێی نوسرابوو "کۆڵانی شەهیدان" پێی وتم کە لێرە ویستوویانە ئازاری بدەن بەڵام من ئەو کۆڵانەم لا نامۆ نەبوو چونکە پێش ماوەیەک من پێیدا هاتبووم. و ئەو پێی وتم کە لە ناویان بەرم، منیش پێم

گوت ناتوانین ئاوا بێ هیچ شتێک لە ناویان بەرین. ئەو بە منی وت: ”ترسنۆک؛“ بەڵام کەسی لێ نەبوو. پێم وت: “من بە تۆم گوت ئەوە تەنیا خەوێکە تۆ بینیوتە”، بەڵام ئینکاریت کرد.

”سەیرکە، هیچ کەسێک لێرە نییە.“ وتی: نا، سوێند دەخۆم ئەوان ڕاستی بوون، من خەونم نەدەبینی... ئەو قسەکەی تەواو نەکردبوو، لەناکاو یەکێک لە پشتەوە منی گرت و پێی گوتم: “واتزانی خەونە؟ با ئەو خەونە بە تۆش نیشان بدەین”. کچەکە زۆر ترسا و هاواری کرد و هەڵات.

من زۆر ترسام، لەو کاتەدا هیچ قسەیەکم بۆ نەدەکرا، تەنیا فرمێسک لە چاوانمدا بوو. پێی وتم کە من دەمرم، چەقۆیەکی لەسەر ملم دانا. هەستم دەکرد جیهانەکە بەسەرمدا دەسووڕێتەوە. پێی وتم کە دەمەوێت چی بڵێم بۆ کۆتا جار؟ من کەمێک دڵخۆش بووم و وتم: ”دەڕۆم بۆ لای دایکم و باوکم و پێیان شاد دەبمەوە.“ بە منی وت: “تۆ شێتی! من پێت دەڵێم تۆ دەمری، بۆ کۆتاجار گەر قسەیەکت هەیە بیکە.” وتم: ”نەخێر،“ چونکە ڕزگاربوونم مەحاڵ بوو. لە هەمان کاتدا خوشکەکەم بیر هاتەوە، فرمێسک لە چاوانم نەدەوەستا و دەموت کە هەواڵێکی وا ببیستێت، چۆن وێران دەبێت!

دواتر، دەنگی خوشکەکەمم گوێ لێ بوو. ئەو دەنگە وەک ڕووناکییەک لە نێوان تاریکییەکاندا بوو و هێزێکی نوێی دایە دڵم کە خۆم کۆ بکەمەوە و ڕێگای ڕزگاربوون بدۆزمەوە. دەنگی خوشکەکەم بەهێزتر بوو، وەک ئەوەی نزیکتر دەبێتەوە لێم. ئەو دڕندەیە کەمێک سەری وەرگێڕا و لە چرکەیەکدا هەستم کرد دەرفەتێکم هەیە بۆ ڕزگاربوون. بە هێزێک کە خۆشم نەمدەزانی لە کوێوە هاتووە، خۆمم لەژێر دەستی ڕزگار کرد و دوورکەوتمەوە.

دڵم بە توندی لێی دەدا و هەناسەدانم قورس ببوو، بەڵام لەم کاتەدا تەنها شت کە لە مێشکمدا بوو، گەیشتن بوو بە خوشکەکەم. ڕاستەوخۆ بە گریانێکی بە کوڵەوە لە خەو هەستام و زانیم ئەوانە هەمووی خەونە. ڕامکرد بەرەو ژوورەکەی خوشکم.

کاتێک چوومە لای، خوشکەکەم لەوێ بوو و بە نامۆییەوە سەیری دەکردم. کە لە دواوەی خۆمم ڕوانی، هیچ کەسێک دیار نەبوو، ئەو دڕندەیەش دیار نەمابوو، وەک ئەوەی لە تاریکییەکاندا توابێتەوە. دواتر باوەشێکم لە خوشکەکەم دا و پرسی: "چی بووە؟" وتم: "بیرم دەکردی." وتی: "زۆر سەیر دیاری! خۆ تۆ خەوتبوویت." وتم: "واتا من خەوتبووم؟" وتی: "بەڵێ."

پێم سەیر بوو و باوەڕم نەدەکرد، دەموت دووبارە شتێکی تری لەدواوەیە. ئەی کچەکە دەبێت چی لێ بەسەر هاتبێت تا ئێستا؟ خوشکەکەم وتی: "باسی کێ دەکەی؟ کچی چی؟ تۆ شێت بوویت؟" منیش لە سەرەتاوە هەموو شتێکم بە قووڵی و بە ڕوونی بۆی گێڕایەوە و پێشم گوت کە بڕیارم داوە بۆ ئەوەی ببمە کەسێکی سەرکەوتوو و دایکم شانازیم پێوە بکات، بڕۆمەوە بەر خوێندن و لای مامۆستایەکی بە ئەزموون بخوێنم و بڕوانامە بەدەست بهێنم و خزمەتی گەلەکەم بکەم و نەوەیەکی نوێ و سەربەرز پەروەردە بکەم.

خوشکەکەم وتی: "ئەو خەونەی تۆ دیوتە، تەنها ترسی دڵی خۆت بووە و لێت بووە بە خەون." منیش وتم: "ترس؟ واتا چۆن؟!" پێی گوتم: "ترسی سەرپەرشتی، ترسی شکست لە بوون بە سەرپەرشتیارێکی باش بۆ من." ترسی شکست لە ژیان و ترسی هەستانەوەت، ترسی ڕازیکردنی دایکم و باوکم. ئایا ئەوان شانازیت پێوە دەکەن؟ لێت ڕازی دەبن؟ منیش پێم گوت: "تۆ زۆر ڕاستی، نازانم ئەم هەموو شتە چۆن کۆنترۆڵ بکەم." خوشکەکەم گوتی: "بەڵێنت پێ دەدەم کە تۆ دەتوانی هەموو شتێک بە پوختی بکەیت. لێت تێدەگەم کە تۆ شتانێکی یەکجار زۆرت بەسەردا کۆبۆتەوە، بەڵام بەڵێنت پێ دەدەم منیش یارمەتیدەرت بم. هەروەها تۆ کارێکی زۆر باش دەکەیت و دڵنیام باشترین مامۆستات

لێ دەردەچێت و هیوایەکی زۆرم پێتە. هەمیشە لە پشتت دەبم و پاڵپشتیت دەکەم." منیش وتم: زۆر سوپاست دەکەم بۆ ئەوەی کە هەمیشە لە پشتم بوویت و پاڵپشتیم دەکەیت. بەڵێن بێت منیش بە هەمان شێوە بم بۆت و هەرکاتێک هەر خەونێک یان بیرۆکەیەکت هەبوو، پێم بڵێ، لە پشتت دەبم تاوەکو بەدی دەهێنی، بۆ ئەوەی ببینە خوشک و برایەکی سەرکەوتوو و دایک و باوکمان شانازیمان پێوە بکەن.

ڕاستە، ئەوان زۆر زوو ڕۆیشتن و بەجێیان هێشتین، ئاواتیان نەهاتە دی کە ئێمە لە لووتکە ببینن، بەڵام ئەو کۆچەی ئەوان، بەتایبەتی دایکم، وانەیەکی یەکجار بەسوودی فێرکردم. ئەگەر ئێستا ئەو هەبووایە، من بیرم لە چوونەوە بۆ بەرخوێندن و بیرم لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نەدەکردەوە. بەڵام ئێستا من خۆم وەکو سەرپەرشتیارێک دەبینم و ئەوەی لەلام گرنگە ژیانی خوشکەکەم و دڵی دایکم و باوکمە، کە ئایا شانازیم پێوە دەکەن یاخود نا. ئەو ڕۆژەم لەگەڵ خوشکەکەم بەڕێکرد، بە بیرکردنەوە لەوەی کە چۆن پەرە بە ژیانم و ئامانجەکانم بدەم.

لە پاش ئەو شەوە، ژیانم وەک جاران نەما. ئەو خەونە وەک ئاگادارکردنەوەیەک بوو بۆ من. هەستم دەکرد ئەو دڕندەیە کە تووشم بوو و منی ترساند، ترسێک و نائومێدییەکی دڵم بوو؛ ترسی ئەوەی

نەتوانم ببمە پشت و پەنا بۆ خوشکەکەم، ترسی ئەوەی بڕوانامە بەدەست نەهێنم، ترسی ئەوەی دایک و باوکم شانازیم پێوە نەکەن. لەو ڕۆژەوە، بڕیارم دا ژیانم ڕێک بخەم و هەموو بیرکردنەوەکانم و خەیاڵەکانم بکەم بە ڕاستی، تەنانەت ئەگەر ماندووش بووم، واز لە ئامانجەکانم نەهێنم و کۆڵ نەدەم و دایکم بە بیر خۆم بهێنمەوە.

لەو ڕۆژە، چوومە خوێندنگەیەک و ناوی خۆمم تۆمار کرد و بۆ بەیانییەکەی، لە قۆناغی ١٠ی ئامادەیی کە وازم هێنابوو، دەستم پێ دەکردەوە. ئەو ساتەی کە هەنگاوم بۆ دەرەوەی خوێندنگەکە نا، هەستم بە دڵخۆشی دەکرد و هەستم دەکرد دایکم و باوکم دەمبینن و شانازیم پێوە دەکەن. لە ڕێگادا زۆر بیرم لێی دەکردەوە و دڵخۆش بووم بەوەی کە کۆچ و یادی دایکم وەک هێزێک بەکاردەهێنم، نەک وەک هۆکارێک بۆ شکان. کاتێک گەڕامەوە، چاوەڕێم کرد تاوەکو خوشکەکەم لە قوتابخانە هاتەوە. کاتێک گەڕایەوە ماڵەوە، هەموویم بۆ خوشکەکەم باسکرد و ئەویش زۆر دڵخۆش بوو پێی. من لە ماڵ دەرچووم بۆ کار، تاوەکو شەو. کاتێک گەڕامەوە، زۆر ماندوو بووم. خوشکەکەم خواردنی ئامادە کردبوو، پێکەوە خواردمان و باسی ڕۆژەکەمان بۆ یەکتری کرد. شەو درەنگ داهات و ڕۆیشتمەوە ژوورەکەی خۆم و خەوتم. بەیانی زوو هەستام، پێش ئەوەی خوشکەکەم بە ئاگا بێت، خواردنم ئامادە کرد. ئەو

کاتە هەستم دەکرد بووم بە باوک، برا، هاوڕێ. هەر چۆنێک بێت، بانگم کرد و نانمان خوارد و خۆمان ئامادە کرد و بەڕێ کەوتین بۆ قوتابخانە.

دوای ٥ کاتژمێر

لە قوتابخانە تەواو بووم و زۆر ماندوو ببووم. شتەکان زۆر بۆم سەیر و نوێ بوون، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵخۆش بووم و خۆمم هان دەدا. دەمگوت کە دەبێت زیاتر هەوڵ بدەم و بخوێنم. بەم شێوەیە گەڕامەوە ماڵەوە. زۆر ماندوو بووم، پشوویەکم وەرگرت و خوشکەکەم بانگی کردم کە خواردنی ئامادە کردووە. پێکەوە نانمان خوارد و خۆمم ئامادە کرد و بەڕێ کەوتم بۆ سەر کار. بەم شێوەیە کاتەکانم دابەش کردبوو و نەمدەهێشت کاتم لە شتی بێسوود بە فیڕۆ بچێت.

شەو داهات و من گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. پشوویەکی بچووکم وەرگرت و دەستم کرد بە خوێندن. پێویستم بە یارمەتی هەبوو لە هەندێک شت. پرسیارم لە خوشکەکەم کرد و یارمەتی دام. دوای خوێندنەکەم تەواو بوو. شەوان کاتێک خوێندنم تەواو دەبوو، لەگەڵ خوشکەکەم

دادەنیشتم و باسی ڕۆژەکەمان بۆ یەکتری دەکرد، بەڵام خوشکەکەم دڵتەنگ دیار بوو. پرسیارم لێی کرد، وتی: "هیچ نییە". بەڵام من پێداگریم کرد تاوەکو بۆی باسکردم.

خوشکەکەم خوێندکارێکی زۆر زیرەک بوو و پێی گوتم کە لە تاقیکردنەوەیەک نمرەی کەمی هێناوە و هیوای دابەزیوە. منیش ئامۆژگاریم کرد و بیرم هێنایەوە کە ئەو خوێندکارێکی زۆر زیرەک و بەهێزە. بیرم هێنایەوە کە دایکم دەیگوت: "پێش هەر سەرکەوتنێک، کەوتن هەیە". بەم شێوەیە دڵی خۆش بوو و دەیگوت: "ئەگەر دایکمان و باوکمان لێرە بوونایە، زۆر شانازییان پێمانەوە دەکرد." ئەم وشانە وەک هێزێک دەهاتنە ناو دڵ و مێشک و دەروونمەوە. هەستم دەکرد لە شوێنێکەوە سەیرمان دەکەن و چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەن کە لە لووتکەی سەرکەوتن بوەستین و بمانبینن.

ڕۆژەکانم بەو شێوەیە دووبارە دەبووەوە. هەندێک جار ماندوو دەبووم و بیرم لەوە دەکردەوە واز بێنم. دووبارە ترس دەیگرتمەوە، بەڵام هەر جارێک و بە شێوەیەک هێزم دەدا خۆم. دەمگوت: "ئەگەر من شکست بهێنم، خوشکەکەم پشت بە کێ ببەستێت؟"

جارێکی تر بە ئامۆژگارییەکانی دایکم هێزم دەدایەوە بە خۆم و قسە

بەنرخەکانی ئەوم بەبیر دەهاتەوە؛ بەو شێوەیە ڕۆژەکانم تێدەپەڕاند. دوای ئەو بەیانییە، هەموو شتێک هەر وەک پێشتر بوو... بەڵام من هەرگیز هەمان کەس نەبووم. هەستم دەکرد شتێک لە ناوخۆمدا گۆڕاوە، وەک ئەوەی هێزێکی نەبینراو پشتم بگرێت.

لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا زۆر بیرم دەکردەوە. هەر جارێک وێنەی دایکمم دەبینی، ئامۆژگارییەکانی ئەوم دەهاتەوە یاد. لەو کاتەدا تێگەیشتم کە ئەم خەونانە تەنها خەونێک نەبوون، بەڵکوو ڕێگەی ڕزگاربوون بوون لە ناخۆشییەکانی ژیان. کۆڵنەدان، هەوڵدان و تێکۆشان هەموو ڕۆژێک لەناو مێشکمدا دووبارە دەبوونەوە. ئەو کاتە گەیشتمە ئەو تێگەیشتنەی کە من پێویستە بەردەوام بم.
خوشکەکەشم وتی: «ئەوەی گرنگە ئەوە نییە کە خەونە یان ڕاستی... ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە تۆ چی فێر دەبیت.»

بۆ ڕۆژی دواتر کتێبەکانم لەسەر مێزەکە دانا. کەمێک ترسم هەبوو، چونکە دوای ئەو هەموو ڕووداوانە گەڕانەوە بۆ خوێندن ئاسان نەبوو؛ بەڵام هەر کاتێک دڵم لاواز دەبوو، قسەکانی دایکمم بیر دەهاتەوە کە دەیگوت: «سەرکەوتن بە ڕێگەی ئاساندا نایەت.» من فێری بەهێزبوون بووم لەو ڕۆژە سەختانەدا، نەک تەنها بۆ خۆم، بەڵکو بۆ ئەو کچۆڵەیەی کە چاوەکانی پڕ لە هیوا بوون.

بڕیارم دا نەک تەنها بڕوانامە بەدەست بهێنم، بەڵکو ببمە کەسێک کە خەڵک و نەوەی داهاتوو پشتم پێ ببەستن و منیش وانەی ژیانیان پێ بڵێمەوە؛ چونکە دایکم فێری کردبووم کە مرۆڤ تەنها بە بڕوانامە سەرکەوتوو نابێت، بەڵکوو بە دڵێکی پاک و ئیرادەیەکی بەرز سەرکەوتوو دەبێت. لەو کاتەدا تێگەیشتم ئەو خەونە ترس نەبوو، بەڵکوو دەستپێکی گۆڕانێکی ڕاستەقینە بوو.

بەڵام هەر کاتێک بەتەنیا بە قووڵی بیرم لە ژیانم دەکردەوە، وزەی بیرکردنەوەم نەرێنی دەبوو و هەستەکانم ئاڵۆز دەبوون. لەو شەوەدا حەزم کرد بڕۆمە دەرەوە بۆ هەواگۆڕکێیەک؛ لە ماڵ ڕۆیشتمە دەرەوە، پیادەم دەکرد لەنێو کوچە و کۆڵانەکاندا. بەبێ بیرکردنەوە، تەنها سەیری جوانیی خانووەکان و باخچە دڵڕفێنەکانم دەکرد و هەستێکی خۆشی پێ دەبەخشیم. بەڵام لەناکاو، لەنێو یەکێک لە کۆڵانەکاندا سێبەری کەسێکم بینی لەنێو ڕووناکییەکی نەرمدا وەستابوو. بە هەنگاوی هێواش هێواش لێی نزیک بوومەوە، لە دواوە ڕۆیشتمە لای؛ گوێم لێ بوو بە دەنگێکی گەرم و ئارام لە پێش خۆیەوە دەیگوت: "بۆچی ئەو ژیانەی من تێیدا دەژیم ناچارییە؟ بەڵکوو بە حەزی دڵی خۆم نییە!" و زۆر شتی تری وت، بەڵام ئەوەی کاریگەریی لەسەر من هەبوو ئەوە

بوو کە وتی: “بۆچی ئەوەندە بەدوای وەڵامدا دەگەڕێم، لە کاتێکدا لەم زەوییە گەورەیەدا کەسێک نییە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم و چارەسەرکردنی کێشەکانم؟!”

بۆ ساتێک وەستام. هەستم کرد ئەم دەنگە ئەو دەنگەیە کە لە ڕابردووی خۆمدا دەیدۆزمەوە. هەستم پێ کرد لە دڵ و دەروونیدا خەم و پەژارەیەکی زۆر هەیە کە کەس نازانێت چییە جگە لە خۆی، کە ناتوانێت بۆ هیچ کەسێک دەریببڕێت، چونکە هێشتا ئەو کەسەی نەدۆزیوەتەوە. من زۆر باش لێی تێدەگەیشتم و ئەو نەیدەزانی ئەوەی بە دوایدا دەگەڕێت لە دواوەیەتی. منیش دەمویست بە دڵ و بە گیان هاوکاری بکەم و ئامۆژگاری بکەم، بەڵام نەمدەزانی چۆن بۆی ڕوون بکەمەوە و قسەی لەگەڵ بکەم کە من لە ئەو تێدەگەم و هەست بە ئازاری ناخی دەکەم. بە دەنگێکی بوێرانە و پڕ لە متمانەوە وتم: “تۆ بۆچی ئەوەندە بەدوای وەڵامدا دەگەڕێیت؟» بیرکردنەوە بە وزەیەکی ئەرێنییەوە و پەرەپێدان بەو ژیانەی کە ئێستا تێیدایت باشتر نییە؟”

پیاوەکە بە ئارامی سەیری کردم و وتی: “کەسێک کە بەتەواوی شتە گرنگەکانی ژیانی لەدەست دابێت و ڕێگەی ژیانی لێ ون ببێت و هیوای لەدەست دابێت، دەتوانێت بە ئەرێنی بیر بکاتەوە؟”

منیش وتم: "قسەکانت زۆر کاریگەر و ڕاستن، بەڵام بەڵێ؛ ئەگەر تۆ بەو شێوەیە بیر بکەیتەوە و بڵێیت من هیوام لەدەست داوە، ئەوا ناتوانیت." پێم گوت دایکم فێری کردبووم کە دەبێت مرۆڤ لە کاتە سەختەکاندا بەهێز بێت. بەڵام ئەو پێی گوتم: "تۆ لە من تێناگەیت." منیش پێم گوت: "کە من گوێم لێت بوو کاتێک لە پێش خۆتەوە قسەت دەکرد؛ دەزانم لەنێو ئەو پرسیارە بێوەڵامانەدا نقووم بوویت و کەس نادۆزیتەوە بۆ ئەوەی لە خەیاڵەکانی ژیان دەرت بهێنێت."

ئەو حەپەسابوو بە دیارمەوە، لەناکاو قۆڵمی گرت وەک ئەوەی فریشتەیەک ڕووناکی بۆ ژیانی بردبێت و وتی: "تۆ ئەوەیت کە من بەدوایدا دەگەڕێم! خوای گەورە منی زۆر خۆشویستووە کە تۆی هێناوەتە سەر ڕێگەم. من دەمەوێت تۆش بە هەمان شێوەی دایکت یارمەتیم بدەیت و لەم بارودۆخە ڕزگارم بکەیت."

منیش وتم: "بەدڵنیاییەوە؛ تەنانەت دایکم ئەوەشی فێر کردووم کە هاوکاریی کەسانی دەوروبەرمان بکەین، ئەگەر تەنها بە قسەیەکیش بێت."

ئەویش دەیوت: "تۆ پەروەردەیەکی زۆر باش کراویت." کاتێک ئەوەی وت، دڵم زۆر کرایەوە؛ دەمزانی لە کۆتاییدا دایکم شانازیم پێوە دەکات

و هەوڵ و ماندووبوون و پەروەردە جوانەکەی بەهەدەر نەڕۆیشتووە. منیش بە ئەوم وت: "ئەوە هەمووی لە ڕێگەی دایکمەوەیە." وتی: "خودای گەورە دایکت سەربەرز بکات." منیش سوپاسم کرد.

دواتر پێم وت: "هەرچییەکت لەلا پرسیارە لێم بپرسە، وەڵامی هەمووی دەدەمەوە، بەڵام سەرەتا با من ئامۆژگارییەکانی خۆم بگەیێنم." پێم وت لەم ژیانە بەردەوامەی ئێمەدا، هەموو ڕۆژەکان وەک یەک نین، بەڵکوو پڕە لە هەور و ڕۆژ و تاریکی و ڕووناکی. ئەویش زۆر جوان گوێڕایەڵی قسەکانم بوو، هەستم پێ دەکرد کە لێم تێدەگات. دەیوت: "من بەرەبەرە وەڵامی پرسیارەکانم وەردەگرم و هەموویم بۆ ڕوون دەبێتەوە."

وتم: "تۆ نابێت لەبەر ئەوەی کە لە ژیانتدا ڕۆژێک بەباشی نەڕۆیشتووە، هەموو ڕۆژەکانی تر پشتگوێ بخەیت کە تێیدا دڵت خۆش بووە و پێکەنیویت. لێت تێدەگەم، ڕاستە، بەڵام ئەوە ناهێنێت کە تا ئەم ڕادەیە خۆتی بۆ خەمبار بکەیت. دڵنیام تۆ و هەر کەسێکی تریش زۆر لەوە بەهێزترن کە بیری لێ دەکەنەوە و هیچ کاتێکیش نابێت بێ هیوا بیت لە ژیان، چونکە هەموو کاتێک ڕێگەی چارەسەرکردن هەیە؛ بەڵام ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە بیکەیت ئەوەیە کە بەدوای ڕێگەیەکدا بگەڕێیت و بیدۆزیتەوە."

دواتر زۆر سوپاسی کردم بۆ ئەو قسانەی کە پێم گوت، وتی: "زۆر هیوات پێ بەخشیمەوە و بەڵێن بێت منیش بەدوای ڕێگەیەکدا بگەڕێم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەم. "دواتریش کات درەنگ بوو، وتم دەبێت بگەڕێمەوە ماڵەوە، ماڵئاواییمان لە یەکتری کرد.

ئەو شەوەم بە تەواوی بە جیاوازی بەڕێ کرد. کەوتبوومە ناو خەیاڵێکەوە کە دایک و باوکم هێشتا لە ژیاندا مابوون. لەو خەیاڵەدا هەستم دەکرد کات گەڕابێتەوە و هەموو شتێک وەک جارانی لێ هاتبێتەوە؛ دایکم پێی دەوتم: "کوڕەکەم، لە ژیاندا هەمیشە هەوڵ بدە و مەوەستە. ئەگەر شتێک قورس بوو، متمانەت بە خۆت هەبێت و بەردەوام بە. زانست و خوێندن زۆر گرنگن، بۆیە هەوڵ بدە باش بخوێنیت و فێری شتی نوێ ببیت. هەمیشە ڕێزی خەڵک بگرە و کارە باشەکان ئەنجام بدە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی سەرکەوتنت لە داهاتوودا. من هەمیشە پشتگیریت دەکەم و باوەڕم پێتە؛ هەرگیز واز لە خەونەکانت مەهێنە و کۆڵ مەدە."

ئەم قسانەی دایکم هێزی زۆری دا بە دڵم و باوەڕم بە خۆم زیاد کرد، بۆیە بڕیارم دا زیاتر بخوێنم و بەردەوام بم لە هەوڵدان، تا خەونەکانم بکەم بە ڕاستی. باوکیشم پێی دەگوتم: "ئەگەر هەوڵ بدەیت و باش بخوێنیت، دەتوانیت خەونەکەت بگۆڕیت بۆ ڕاستی." ئەم وشانە

دڵگەرمییەکی زۆریان پێ دەدام و هێزیان دەدامێ کە زیاتر بخوێنم و هەوڵ بدەم. لە پێش خۆمەوە دەمگوت باوکم هەمیشە پشتگیریم دەکات و دەڵێت کە من دەتوانم بە خەونەکانم بگەم؛ ئەمە وای کرد زیاتر باوەڕم بە خۆم هەبێت و لە هەوڵدان بەردەوام بم.

ئەو دەیگوت: "ئەگەر هەوڵ بدەیت و باش بخوێنیت، دەتوانیت خەونەکەت بگۆڕیت بۆ ڕاستییەک کە لە ژیانتدا پێی بحەسێیتەوە." ئەم ئامۆژگارییانە زۆر دڵیان گرتم و بە تامەزرۆییەوە دەمویست بگەم بە خەونەکانم، کە بریتی بوون لە: بەدەستهێنانی بڕوانامە، سەربەرزکردنی خانەوادەکەم و شانازیپێکردنی دایک و باوکم.

دواتر کە هەر لەناو خەیاڵە دڵڕفێنەکانمدا مابووم، گوێبیستی دەنگی دایکم بووم کە لە چێشتخانەکەدا بوو؛ بۆنی چا و خواردنە خۆشەکانی دەستی، هەموو ماڵەکەی پڕ کردبوو. بە پێکەنینەوە بانگی دەکردم و دەیوت: "کوڕەکەم، وەرە چایی بخۆرەوە لەگەڵمان." منیش بە دڵێکی زۆر خۆشەوە دەچوومە لای دایک و باوکم، وەک بڵێی ژیانم تازە دەستی پێ کردبێت. باوکیشم لە نزیکەوە دانیشتبوو و بە شانازییەوە سەیری دەکردم. بەڵام لەناکاو لەو خەیاڵانەدا هاتمە دەرەوە و زانیم کە ئەم هەموو خۆشییە تەنها خەون و خەیاڵ بووە. لەو ساتانەدا بیرم دەکردەوە گەر ئەوان هێشتا لەگەڵم بانایە، ژیانم چەندە بە نرخ و جیاواز

دەبوو.

دواتر تێگەیشتم کە ژیان بە ڕاستییەکی سەخت و تاڵ بەردەوام دەبێت و مرۆڤ دەبێت فێر بێت چۆن بەرگەی دەگرێت. هەستم کرد کە ئەگەر بێتو من بەردەوام بم لە خەمخواردن و دڵتەنگی، نەک تەنها خۆم دەشکێنم، بەڵکوو خەونەکانی دایکیشم لەگەڵ خۆمدا دەشکێنم. ئەو هەمیشە دەیوت کە مرۆڤ پێویستە بەهێز بێت، تەنانەت لە کاتە سەختەکانیشدا.

لەو کاتەدا بڕیارێکی گەورەم لە دڵمدا دا؛ بڕیارم دا کە ژیانم بەو شێوەیە بەرەو پێش ببەم کە دایکم ئاواتی بۆ دەخواست. لەو شەوەدا ئەو بڕیارە لە دڵمدا جێگیر بوو، هەستم کرد باری قورس لەسەر شانەکانم کەم دەبووەوە. بۆ یەکەم جار دوای ماوەیەکی زۆر، دڵم بە هێواشی بەرەو ئارامبوون دەچوو. هەرچەندە دایک و باوکم لەگەڵم نەمابوون و دەبوایە ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەم، بەڵام هەندێک جار بە خەیاڵکردن دەمهێنانە لای خۆم و ئامۆژگارییەکانیانم بە یاد خۆم دەهێنایەوە. وشە و ئامۆژگارییەکانیان هێشتا لەناو دڵمدا دەژیان.

بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر ئەوانیش لەگەڵم نەبن، ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی من واز لە ڕێگەی ژیانم بهێنم و کلیلی سەرکەوتنم ون بکەم؛

به پێچەوانەوە، پێویست بوو ئەو ڕێگەیە بگرم کە ئەوان هەمیشە ئارەزوویان بوو من بیگرمە بەر. وەک: ڕێگەی زانست، ڕێگەی هەوڵدان و ڕێگەی بەهێزبوون. فێریان کردبووم هەر کەسێک ئەم ڕێگایانە بگرێتە بەر، کلیلی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت؛ بەڵام دەبێت ڕێگە سەختەکانیش ببڕێت، نەک تەنها ڕێگە ئاسانەکان، و هەر کاتێک ڕووبەڕووی سەختییەک ببێتەوە لە هەوڵدان نەوەستێت.

لەو ڕۆژەوە ژیانم زۆر جیاواز بوو، و بە شێوەیەکی دیکە دەستی پێ کرد. هەموو بەیانییەک کە لە خەو هەڵدەستام، یەکەم شت کە دەهاتە بیرم ئەو وشانەی دایکم بوو: ”کوڕەکەم، هەرگیز واز مەهێنە.“ ئەم وشانە بوون بە هێزی ڕۆژانەم. کاتێک خوێندن قورس دەبوو، کاتێک هەستم دەکرد توانام کەم بووەتەوە، یان کاتێک دڵتەنگ دەبووم لە دووریی دایک و باوکم، تەنها چاوەکانم دەنووقاند و وێنەی ئەوانم دەهێنایە ناو خەیاڵم؛ ئەو کاتە هەستم دەکرد هێشتا لە پشتمدا وەستاون و دەڵێن: ”بەردەوام بە.“

هەروەها خوشکەکەشم زۆر لەگەڵم بوو. هەردووکمان باش دەمانزانی کە دایکمان هەمیشە ئاواتی ئەوە بوو کە ئێمە پێکەوە بژین و پشتگیریی یەکتر بکەین، بۆیە هەر جارێک کە یەکێکمان ماندوو دەبوو، ئەوی ترمان هانی دەدا بەرەو پێش بڕوات. کات بە هێواشی تێدەپەڕی،

بەڵام من هەستم دەکرد هەر ڕۆژێک هەنگاوێک نزیکتر دەبمەوە لەو خەونەی ساڵانێکە لە دڵمدا هەڵمگرتووە؛ بەدەستهێنانی بڕوانامە و سەربەرزکردنی ناوی خانەوادەکەم.

زۆرجار لە شەواندا، کاتێک هەموو شتێک ئارام دەبوو، لە خۆم دەپرسی: "ئایا دایک و باوکم ئێستا لە کوێن؟" بەڵام لە هەمان کاتدا وەڵامێک لە دڵمەوە دەهات: "ئەوان لەوێن کە هەمیشە لێی بوون... لەناو دڵمدا." ئەم بیرکردنەوەیە هێزی زۆری پێ دەدام؛ چونکە تێگەیشتم کە مرۆڤ تەنها بە جەستە لەگەڵت نابێت، بەڵکو هەندێک کەس بە یادەوەری و وشەکانیان، کاریگەرییان هەمیشە لەسەرمان دەمێنێتەوە. بڕیارم دا کە ڕۆژێک، کاتێک بڕوانامەکەم بەدەستهێنا، لە دەستمدا بیگرم و سەرم بەرز بکەم و لە دڵمەوە بڵێم: "دایکە، باوکە... من هەرگیز وازم نەهێنا."

وە بەهۆی ئێوەوە هەرگیز کۆڵم نەدا. ڕاستە ماندوو بووم و زۆریش هیلاک بووم، بەڵام خەیاڵکردنی هەبوونی ئێوە وای کرد هەست بکەم هێشتا لە لای منن و ئەمەش بەهێزی کردم. زۆر جار سارد دەبوومەوە و هیچ هیوایەکم نەدەما، بەڵام ئامۆژگارییەکان و وشە بەنرخەکانی ئێوە وایان کرد کە دووبارە هێز بدەمەوە بەر خۆم و هەستمەوە سەر قاچەکانم؛ تا ژیانی خۆم و خوشکەکەشم باشتر و سەرکەوتووتر بکەم.

لەو ڕۆژەوە بڕیارم دا ئەمجارە هیچ بەربەستێک لەسەر ڕێگاکەم دروست نەکەم، بە بوێرییەوە کار بکەم و هەوڵ بدەم خەونەکانم بەدی بهێنم؛ نەک تەنها لەپێناو دایکم، بەڵکوو لەپێناو خۆم و خوشکەکەشم.

دایکم پێی وتبووم: "ئەگەر بۆ سەدان جاریش کەوتیت، دەبێت هەستیتەوە و دووبارە هەوڵ بدەیتەوە، چونکە داهاتوویەکی گەش چاوەڕێت دەکات."

خوشکەکەشم وتی: "بەڵێن بێت منیش هەرگیز بێ هیوای نەکەم و لە خوێندنەکەم بەردەوام بم. هەوڵ دەدەم نمرەیەکی زۆر باش بەدەست بهێنم؛ لە منداڵییەوە ئارەزووم دەکرد ببم بە دکتۆر، دایکیشم زۆر حەزی پێ دەکرد. دەمەوێت خزمەتی نەخۆشەکان بکەم و داهاتوویەکی گەش و سەرکەوتووم هەبێت." منیش بیرۆکەکەیم زۆر بەدڵ بوو و دڵخۆش بووم کە خوشکەکەشم لەسەر خولیاکانی خۆی و ئاواتەکەی دایکم کار دەکات.

بەڵێنم پێ دا هەمیشە لە پشتی بوەستم، وەک چۆن دایک و باوکم نەیانهێشت من بێ هیوا بم و بە ئامۆژگاری و قسە زێڕینەکانیان هانیان دەدام. ڕاستە نەبوونیان زۆر سەخت بوو، بەڵام دەبوایە ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەم و بژیم.

لە ڕۆژانی دواتردا بڕیارەکەم تەنها وشە نەبوو، بەڵکوو بە کردار دەستی پێ کرد. کاتێک گەڕامەوە بۆ قوتابخانە، دڵم پڕ بوو لە هەستێکی جیاواز؛ کەمێک ترس و دڵەڕاوکێ، لە هەمان کاتدا هەستی بڕوابەخۆبوون و هیوایەکی گەورە لە دڵمدا هەبوو. لە دڵمدا وتم: "ئەم ڕێگایە ئەو ڕێگایەیە کە دایکم هەمیشە ئاواتی بۆ دەخواست." هەرچەندە ڕێگای خوێندن هەمیشە ئاسان نەبوو، زۆرجار ماندوو دەبووم و هەستم دەکرد بارێکی قورس لەسەر شانمە، بەڵام هەر کاتێک کە هەستم دەکرد نەمدەتوانی بەردەوام بم، وشەکانی دایکم دەهاتنەوە بیرم. ئەم وشانە وەک چرایەکی ڕووناک بوون لە تاریکییەکاندا و ڕێگایان نیشان دەدام. خوشکەکەشم هەمیشە لە تەنیشتمدا بوو و پشتگیریی یەکترمان دەکرد.

کات بە هێواشی تێدەپەڕی، بەڵام من هەستم دەکرد هەر ڕۆژێک هەنگاوێکی دیکە نزیکتر دەبمەوە لە خەونەکانم؛ ئەو خەونانەی ساڵانێک لە دڵمدا هەڵمگرتبوون: بەدەستهێنانی بڕوانامە و سەربەرزکردنی ناوی خانەوادەکەم. دەمویست ڕۆژێک بتوانم بگەمە ئەو ساتەی کە ڕوو لە ئاسمان بکەم و بڵێم: "دایکە، باوکە... من بەڵێنەکەمم جێبەجێ کرد."

لەو شەوانەی کە جیهان کپ دەبوو و دەنگەکان کەم دەبوون، لە

ژووری خوێندنەکەم دادەنیشتم. چرایەکی بچووک لەسەر مێزەکەم دەسووتا و ڕووناکییەکی نەرمی دەخستە سەر لاپەڕەکانی کتێبەکەم. هەر لاپەڕەیەکم کە هەڵدەدایەوە، هەستم دەکرد هەنگاوێکی بچووکم بەرەو بەدیهێنانی خەونەکانم ناوە. هەندێک جار ماندوویەتی بە ئارامی دەهات و دەستی دەخستە سەر شانم، وەک ئەوەی بڵێت: "بەسە، بۆ ئەمشەو ئەوەندە بەسە." بەڵام لەناو ئەو بێدەنگییەشدا دەنگی دایکم هەمیشە هەبوو؛ نەک تەنها لە بیرەوەرییەکاندا، بەڵکوو وەک هێزێکی ڕاستەقینە کە لە دڵمدا دەژیا. کاتێک کتێبەکەم دەگرتە دەست، هەستم دەکرد ئەو لە نزیکمە، وەک جاران دەستی لەسەر سەرم دادەنا و دەیوت: "خوێندن ڕێگایەکی درێژە، بەڵام کەسێک کە بەردەوام بێت، هەرگیز بە دەستبەتاڵی ناگەڕێتەوە."

وشەکانی دایکم تەنها ڕستەیەک نەبوون، بەڵکوو بۆ من و خوشکەکەم ببوون بە چرایەکی درەوشاوە کە ڕێگای بەرەوپێشچوونمانی نیشان دەدا. لە قوتابخانەشدا ڕۆژەکان یەک بە دوای یەکدا دەهاتن و دەڕۆیشتن؛ هەر تاقیکردنەوەیەک و هەر وانەیەک ئەزموونێکی نوێ بوو لە ژیانمدا. هەندێک جار سەرکەوتن زۆر بەخێرایی دەهات، هەندێک جاریش پێویست بوو زیاتر هەوڵ بدەم.

بەڵام من فێر ببووم کە سەرکەوتن تەنها لە بەرهەمدا نییە، بەڵکوو

سەرکەوتن لەو شەونخونییانەدایە کە مرۆڤ ئەنجامی داون؛ لەو ڕۆژە سەختانەدایە کە وامان بیر دەکردەوە هەرگیز تێناپەڕن، بێ ئاگا لەوەی ڕۆژێک هەموو ئەوانە وەک هەنگاوی سەرکەوتن هەژمار دەکرێن. سەرکەوتن لەو هەنگاوانەدایە کە وا لە مرۆڤ دەکات باوەڕی بە خۆی هەبێت و بزانێت بە هەوڵ و ماندووبوونەکانی گەیشتووەتە چ ئەنجامێک، تەنانەت کاتێک ڕێگاکەش قورس دەبێت.

من و خوشکەکەم زۆرجار لەسەر یەک مێز دادەنیشتین و ئەرکی ڕۆژانەمان جێبەجێ دەکرد؛ هەر کاتێک یەکێکمان ماندوو دەبوو، ئەوی تر بە پێکەنینێکی سادە یان وشەیەکی کورت و پڕمانا، هیوای پێ دەبەخشییەوە. ئەو پشتگیرییەی نێوانمان وامانی لێ دەکرد هەست بکەین ئەم ڕێگایە هەرچەندە درێژ بێت، بەڵام هەرگیز بە تەنهایی تێناپەڕێت.

ساڵەکان وەک لاپەڕەکانی کتێبێکی درێژ یەک بە دوای یەکدا دەگۆڕان و منیش لەگەڵیاندا دەگۆڕام. ئەو کوڕەی ڕۆژی یەکەم بە دڵێکی پڕ لە ترسەوە گەڕابووەوە قوتابخانە، ئێستا بووە بە کەسێک کە دەزانێت بڕوابەخۆبوون لە کوێ دەست دەکەوێت. زۆرجار خۆم لە خەیاڵدا دەبینم لە ڕۆژێکی تایبەتدا؛ ڕۆژێک کە بڕوانامەکەم لە دەستمدا دەگرم و ناوی خانەوادەکەم بە شانازییەوە دەخوێندرێتەوە. لەو خەیاڵەدا سەر

بەرز دەکەم بۆ ئاسمان، نەک بە دڵتەنگی، بەڵکوو بە هەستێکی گەورەی سوپاسگوزارییەوە. وەک ئەوەی دایکم هێشتا گوێی لێ بێت، بە ئارامی دەڵێم: "دایکە... تۆ هەمیشە دەتزانی کە من دەتوانم. من تەنها هەوڵم دا باوەڕی تۆ ڕاست بکەمەوە."

لەو ساتەدا دەزانم هەموو ئەو شەوانەی خوێندوومە و هەموو ئەو ماندوویەتییەی باڵی بەسەرمدا گرتبوو، هەموو ئەو هەنگاوانەی بە ئارامی ناومە، بەشێک بوون لە چیرۆکێکی زۆر گەورەتر؛ چیرۆکێک کە تەنها سەرکەوتنی من نەبوو، بەڵکو پەرەپێدانی ئەو خەونانە بوو کە دایکم لە دڵمدا چاندبووی. بێگومان، زۆرجار لە کاتی خوێندندا کاتێک ماندوویەتی زۆری بۆ دەهێنام، کەمێک پشووم دەدا و بیرم ئازاد دەکرد، چونکە خوێندن بە مێشکێکی زۆر ماندووەوە ئەنجامی باشی نابێت.

شەوێکیان زۆر ماندوو بووم؛ کتێبەکەم داخست و پشتم بە کورسییەکەمەوە دا. تەنها دەنگی سووتانی چرایەکەم دەهات. چاوم بە ژوورەکەمدا دەگێڕا و چاوم کەوتە سەر ڕەفەیەک کە وێنەی دایکمی لەسەر بوو؛ هەستام و وێنەکەم هێنایە لای خۆم. بۆ ساتێک وەستام و سەیری زەردەخەنە ئارامەکەییم کرد؛ هەر لەو ساتەدا هەرچی ماندوویەتی هەبوو لە گیانمدا دەرچوو. یادەوەرییەکی منداڵیم بیر هاتەوە؛ کاتێک منداڵ بووم و خەریکی ئەنجامدانی ئەرکیماڵەوە بووم،

زۆر لەناکاو وتم: ”دایکە، پێم ناکرێت، ئەمە زۆر سەختە!“ دایکیشم بە زەردەخەنەوە دەستی لەسەر شانم دانا و وتی: “کلیلی سەرکەوتن لە ڕێگەی ئاساندا ون نابێت”

ئەو کاتە منداڵ بووم و تەنها زەردەخەنەیەکم کرد، دەستم بۆ قەڵەمەکەم بردەوە و بەردەوام بووم، بەڵام دوای ئەو هەموو ساڵە، لەم ژوورە ئارامەدا، وشەکانی لە هەموو کاتێک بۆم ڕوونترن. دایکم تەنها باسی تاقیکردنەوەی قوتابخانەی نەدەکرد، ئەو باسی ژیانی دەکرد. باسی ئەوەی دەکرد ئەگەر مرۆڤ ئامانجێکی هەبێت و بۆی تێبکۆشێت، بەدڵنیاییەوە بە دەستبەتاڵی ناگەڕێتەوە. ڕێگای گەیشتن بە خەونەکان سەختە، بەڵام مەحاڵ نییە. ئەگەر بۆ دەیەمین جاریش سەرنەکەویت، دڵنیابە لە جاری یازدەهەمدا سەرکەوتوو دەبیت بەڵام دەبێت ڕێگای هەوڵدانەکەت بگۆڕی. ئەمە وانەی ژیانە: کلیلی ژیان سەرکەوتنە، و کلیلی سەرکەوتنیش هەوڵدانە. (هەوڵدان) ئەگەر مرۆڤ قوڵتر لە مانای ئەم وشەیە بڕوانێت دەبینێت کە چیرۆکی مرۆڤایەتی لە ژیانکردن لەم وشەدا شاراوەیە وەک: ڕێگا سەختەکان، هەوڵە بەردەوامەکان، و ئەو هێزەی کە مرۆڤ دەیدات بۆ ئەوەی دەست لە خەونەکانی هەڵنەگرێت.

دوای ئەوە بە ئارامی وێنەکەم گەڕاندەوە شوێنی خۆی و دەستم کردەوە بە خوێندن؛ وەک ئەوەی هیچ ماندوو نەبووبم و تەواوی ڕۆژەکە

خەوتبێتم. دووبارە لەسەر کورسییەکەم دانیشتم و کتێبەکەم کردەوە. لاپەڕەکان لەبەر چاومدا دەدرەوشانەوە، وەک ئەوەی ڕووناکی بن بۆ ژیانم. ئەو شەوە تێگەیشتم کە من تەنها بۆ بڕوانامە ناخوێنم، تەنها بۆ ئەوەش ناخوێنم کە چیرۆکەکەم بۆ هاوڕێ و مامۆستاکانم بگێڕمەوە؛ من دەخوێنم چونکە خەونێک هەیە کە ساڵانێک پێشتر لە دڵمدا چێندراوە. خەونێک کە دایکم یەکەم کەس بوو باوەڕی پێ کرد.

هەر لاپەڕەیەک کە هەڵم دەدایەوە، هەستم دەکرد هەنگاوێک نزیکتر دەبمەوە لەو ڕۆژەی کە بە سەربەرزییەوە بڵێم: "گەیشتم بەو خەونەی کە هەرگیز لە هەوڵدانی نەوەستام." ئاخ بۆ ئەو ڕۆژەی کە هەموو ڕێگا سەختەکانم دێتەوە یاد و لە ئاستیاندا تەنها زەردەخەنە دەکەم.

ئێستا هەر ڕۆژێک کە دەستی پێ دەکەم، بۆ خوێندن و فێربوونە. هەست دەکەم هەر لاپەڕەیەکی کتێبەکانم وەک هەوڵێکی بچووک و هەنگاوێکە بەرەو خەونەکانم. ئەو یادەوەرییانە هەرچەندە هەندێک جار لە دڵمدا بەسوێ بوون، بەڵام باوەڕم پێ دەدەن کە هیچ هەوڵێک بە زایە ناچێت. فێربووم هەر کەسێک بەردەوام بێت، لە داهاتوودا سەرکەوتنێکی گەورە دەبینێت، چونکە هەوڵدان هەرگیز بە دەستبەتاڵی ناتهێڵێتەوە. فێربووم کە پشگیری و ئاواتی ئەوانەی کە باوەڕیان پێم هەبوو هەرگیز نابێت لەبیر بکەم چونکە هەمان ئەو پشتگیری و

هەوڵدانەیە کە بەرەو سەرکەوتنم دەبات و سەرکەوتنەکانم بەردەوام دەکات.

ئەمشەو، لە شەوێکی ئارام و بێدەنگدا، دڵم پڕە لە سوپاسگوزاری بۆ هەموو ئەو هەوڵانەی داومە. دڵتەنگ نیم، بەڵکوو هەستێکی گەورەی هێز و توانا لە جەستەمدا کۆبووەتەوە. دەڵێم: "دایکە، باوکە... من هەموو هەوڵێکم دا بۆ ئەوەی خەونەکانم بهێنمە دی و هەرگیز بە دەستبەتاڵی نەگەڕێمەوە." دڵنیابن نە خۆم و نە ئێوەش بێ هیوا ناکەم. من و خوشکەکەم، لە ناو ناخۆشترین و خۆشترین قۆناغەکانی تەمەنماندا، لە پێناو ئێوە و داهاتوومان تێدەکۆشین.

لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا کە خەریکی خوێندن بووم، بیرم کەوتەوە هەموو شتێک لە هەوڵێکی بچووکەوە دەستی پێ کرد. هەندێک جار لە ناو دڵی خۆمدا دەمگوت: "ئایا ئەمە دەکرێت؟" بەڵام هەر کاتێک بیرم لە ئامانجەکانم دەکردەوە، هێزێکی نوێ لە ناخمدا دروست دەبوو من فێربووم کە هیچ هەنگاوێک بەبێ هەوڵ و پشتگیری نایەت.

لە ماوەی ئەو ڕۆژانەدا لە قوتابخانە، قوتابییەکم ناسی و داوای هاوڕێیەتی لێ کردم، منیش بە خۆشحاڵییەوە قبووڵم کرد. دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک، هاوڕێکەم بوو بە پاڵپشتێکی گەورە

بۆم؛ بە قسەی باش هانی دەدام تا بەردەوام بم. کاتێک خەمێک یان ماندووبوونێک دەهاتە ڕێم، یان هەستم دەکرد ڕێگاکە هێشتا دوورە، تەنها قسەیەکی هیوابەخشی ئەو بەس بوو بۆ ئەوەی هیوام بۆ بگەڕێتەوە و وەک ساتی یەکەم تامەزرۆ ببمەوە. ئەمە فێری کردم کە مرۆڤ ناتوانێت بە تەنیا هەموو سەختییەک تێبپەڕێنێت، بەڵکوو هاوڕێیەتی و پشتگیریی کەسانی دەوروبەر زۆر گرنگە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان، کاتێک بەردەوام بووم لە هەوڵ و کۆشش بۆ گەیشتن بە خەونەکانم، هەستم کرد شتێکی نوێ لە ناخمدا چەکەرەی کردووە؛ بڕوایەکی بەهێز بە خۆم. تێگەیشتم ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بە خۆی هەبێت و دەستبەرداری ئامانجەکانی نەبێت، دەتوانێت کارە مەحاڵەکان بکات. ئەو کاتە بیرم دەکردەوە کە هەموو ئەو ناخۆشی و دڵتەنگییانەی تێم پەڕاندن، فێرکارییەکی گەورە بوون بۆم. ئەوان فێریان کردم کە ژیان تەنها لە خۆشی پێک نەهاتووە، بەڵکوو ڕۆژە ڕەش و سەختەکانیش بەشێکن لەو ڕێگایەی کە دەبێت تێیدا فێر ببین و بەهێزتر بین.

لە کۆتاییدا بڕیارم دا هەرگیز لە هەوڵدان نەکەوم؛ بەردەوام بم لە خوێندن بۆ گەیشتن بە خەون و ئامانجەکانم چونکە باوەڕم وایە ئەگەر مرۆڤێک هیوای هەبێت و واز نەهێنێت، دەتوانێت داهاتوویەکی

درەوشاوە بۆ خۆی و دەوروبەریشی بونیاد بنێت. تێگەیشتم کە ژیان پڕە لە وانە و ئەزموون؛ هەر ئەزموونێک، چاک بێت یان خراپ، شتێکی نوێمان فێر دەکات. هەر لەبەر ئەمەشە بڕیارم داوە هەمیشە بە دڵێکی بەهێزەوە بەردەوام بم.

بە تێپەڕبوونی کات، ساڵی کۆتایی خوێندنم (پۆلی دوازدە) نزیک دەبووەوە. ئەو ساڵە هەستێکی جیاوازی هەبوو؛ تێکەڵەیەک لە هیوا و نیگەرانی: ”ئایا سەرکەوتوو دەبم یان نا؟“ قسەی مامۆستاکان لە کاتی وانەگوتنەوەدا، کە زۆرجار باسی تاقیکردنەوەکانیان دەکرد، دڵەخورپەی بۆ دروست دەکردم. دەمویست بە نمرەیەکی زۆر باش سەرکەوتوو بم. شەوانە دەبوو بەردەوام لەسەر کتێبەکانم دانیشم، بەڵام هەندێک جار بیر و خەیاڵەکانم هێندە زۆر دەبوون، سەرنجم لەسەر وانەکان نەدەما. خەیاڵم دەڕۆیشت بۆ هەموو شتێک، بەتایبەت بۆ دایکم. کاتێک بە ئاگا دەهاتمەوە، تەنانەت نەمدەزانی لە کوێی وانەکەوە دەست پێ بکەمەوە.

لەو ساتانەدا هەستم دەکرد وەک ئەوەی ڕێگاکە زۆر درێژ بێت و من لە ناوەڕاستیدا گیرم خواردبێت. هەندێک جار لە ناخی خۆمدا دەمگوت: ”ئایا دەتوانم ئەم قۆناغە بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنم؟“ بەڵام هەرچەندە ئەو پرسیارانە بە مێشکمدا دەهاتن، شتێکی تر

هەمیشە هەبوو کە نەیدەهێشت واز لە ڕێگاکەم بهێنم؛ ئەویش باوەڕ و یادەوەریی هەموو ئەو هەوڵانە بوو کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا دابووم. هەر کاتێک بیرم لەو شەونخونییانە دەکردەوە، هەستم دەکرد هێزێکی نوێ لە ناخمدا چەکەرە دەکات.

من فێربووم کە ڕێگای گەیشتن بە خەونەکان هەمیشە هێواش و ئاسان نییە. هەندێک جار مرۆڤ دەکەوێت، ماندوو دەبێت، گومان لە خۆی دەکات و بێ هیوا دەبێت. بەڵام گرینگترین شت ئەوەیە کە مرۆڤ فێربێت چۆن هەستێتەوە، چونکە کەوتن بە مانای کۆتایی نیە بەڵکو بە مانای دەستپێکردنێکی نوێ دێت. لەو ماوەیەدا زۆرجار هاوڕێکەم لەگەڵم بوو؛ ئەو کەسەی کە بە قسەیەکی سادە دەیتوانی هێز و هیوام بۆ بگەڕێنێتەوە. جگە لە خوشکەکەم، دایکم و قسە بەنرخەکانی هەمیشە پاڵپشتم بوون. هەر کاتێک بێ هیوا یان ماندوو دەبووم، بە بیرهاتنەوەی ئامۆژگارییەکانی ئەو دەهاتمەوە سەر پێ؛ یان کاتێک هەستم دەکرد ڕێگاکە زۆر دوورە، تەنها یەک قسەی هیوابەخشی ئەوان بەس بوو بۆ ئەوەی تامەزرۆییەکەم بگەڕێتەوە.

هاوڕێیەتی و پشتگیریی کەسانی دەوروبەر زۆر گرنگن؛ هەندێک جار تەنها بوونی کەسێک لە تەنیشتت، ئەو هێزە گەورەیەیە کە بۆ بەردەوامبوون پێویستتە. بە نزیکبوونەوەی تاقیکردنەوەکان، منیش

بەردەوام بووم لە هەوڵدان. هەر ڕۆژێک کە دەستم بە خوێندن دەکرد، هەنگاوی بچووک بچووکم دەنا؛ ڕاستە هەنگاوەکانم بچووک بوون، بەڵام هەموویان بەرەو هەمان ئامانج دەیانبردم. لەو ڕۆژانەدا لە شتێکی زۆر گرنگ تێگەیشتم..

تێگەیشتم کە سەرکەوتن تەنها لە کۆتایی ڕێگاکەدا نییە، بەڵکو لە هەر هەنگاوێکدایە کە مرۆڤ بەردەوام دەینێت؛ تەنانەت بچووکترین هەنگاویش، بە مەرجێک وازی لێ نەهێنێت. هەر ساتێک مرۆڤ بە هەوڵ و باوەڕەوە بەردەوام بێت، ئەوە خۆی بەشێکە لە سەرکەوتن. بۆیە بڕیارم دا هەرگیز لە هەوڵدان نەکەوم؛ هەرچەندە ڕێگاکە سەخت بێت و هەرچەندە ماندوو بم، هەرگیز کۆڵ نادەم. چونکە باوەڕم وابوو ئەگەر مرۆڤ بە هیوایەکی گەورە و باوەڕێکی بەهێزەوە بەردەوام بێت، دەتوانێت داهاتوویەکی جوان بۆ خۆی و بۆ ئەو کەسانەش بونیاد بنێت کە ئاواتی سەرکەوتنی بۆ دەخوازن. لە هەمووشی گرنگتر، بتوانێت خزمەتی نیشتمان و پەروەردەکردنی نەوەی نوێی خاکەکەمان بکات.

من لە ڕێگەی گەیشتن بە خەونەکانمدا بووم؛ چۆن دەمزانی؟ بەوە دەمزانی کە لە کۆتاییدا ئەوەی گرنگە ئەوە نییە مرۆڤ چەند جار دەکەوێت، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە چەند جار دەتوانێت دووبارە هەستێتەوە و بە هێزێکی زۆرترەوە بەردەوام بێت. منیش هەر ئەوەم

کردبوو، بۆیە دەمزانی کە سەرکەوتوو دەبم و دەگەم بە ئاواتەکانم؛ نەک تەنها ئاواتی خۆم، بەڵکوو ئاواتەکانی دایکیشم.

کۆتا ساڵی خوێندن بە هێواشی و بە ترسەوە نزیک دەبووەوە. هەرکاتێک ڕۆژەکان تێدەپەڕین، هەستم دەکرد کات زۆر خێراتر دەڕوات وەک لەوەی پێشبینیم کردبوو؛ دەبوو هەموو ئەو هەوڵ و ماندووبوونانەی لەو ساڵەدا کێشاومە، بە سەرکەوتن قەرەبووی بکەمەوە. ئەو ساڵە تەنها ساڵێکی ئاسایی نەبوو، وەک سنوورێک وابوو لەنێوان ڕابردوو و داهاتوومدا؛ لەنێوان خەون و ڕاستی، لەنێوان ژیانێکی ئاسایی و ژیانێکی پڕ لە ئازار.

لە قوتابخانە، هەموو قوتابییەکان باسی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵیان دەکرد. هەر گروپێک کە کۆ دەبوونەوە، باسی وانە و پرسیار و هیوایان بۆ ئامانجەکانیان دەکرد. مامۆستاکانیش هەموو کات هانیان دەدایین هەوڵ بدەین و کات بۆ فێربوون تەرخان بکەین، چونکە ئەم تاقیکردنەوەیە دەرگایەکی نوێ لە ژیانمان دەکاتەوە. بەڵام هەر کاتێک وشەی (تاقیکردنەوە) دەهاتە ناو وانەکان، لە ناخمدا هەستێکی جیاواز دروست دەبوو؛ تێکەڵەیەک لە هیوا و ترس، لە کەوتن و سەرکەوتن. ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی توانای فێربوونم نەبوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەی دەمزانی ئەم تاقیکردنەوانە بڕیار دەدەن کە هەموو ماندووبوونی

سالانی ڕابردووم بە کوێ دەگەن.

زۆر شەو هەبوو کتێبەکانم لە پێش خۆم دادەنا و دادەنیشتم؛ کاتێک ماڵ ئارام دەبوو و بێدەنگی شەو باڵی بەسەر ژوورەکەمدا دەکێشا، دەستم بە خوێندن دەکرد. لاپەڕەکانم یەک لە دوای یەک هەڵدەدایەوە، بەڵام هەندێک جار مێشکم لەسەر وانەکە نەدەما و خەیاڵم بۆ شوێنێکی تر دەڕۆیشت؛ شوێنێک کە تێیدا لەناو یادەوەرییەکانی دایکمدا نوقم دەبووم. زۆر جار خەیاڵم دەکرد وەک بڵێی دایکم لە تەنیشتم وەستاوە و پێم دەڵێت: «بەردەوام بە... تۆ دەتوانیت.»ئەم وشانە هەرچەندە لەناو خەیاڵمدا بوون، بەڵام بۆ من وەک هێزێکی ڕاستەقینە وابوون. هەر کاتێک ماندوو دەبووم یان گومانم لا دروست دەبوو، تەنها بیرکردنەوە لە قسە بەنرخەکانی دایکم بەس بوو بۆ ئەوەی بێمەوە سەر خۆم. بەو شێوەیە بەردەوام بووم لە خوێندن؛ هەرچەندە نەمدەتوانی تەواوی ڕۆژەکە بخوێنم، چونکە کاتەکانم دابەش کردبوو بۆ: قوتابخانە، چوونە سەر کار و کات بەسەربردن لەگەڵ خوشکەکەم. بۆیە نەدەبوو ئەو کاتەی هەمە بە فیڕۆی بدەم؛ دەبوو زۆر هەوڵ بدەم تا سەرکەوتوو بم.

کاتێک یەکەم ڕۆژی تاقیکردنەوەکان هات، قوتابخانەکەم بە جۆرێکی تر دەبینی. هەموو شتێک هەستێکی جیاوازی هەبوو. هۆڵی تاقیکردنەوە پڕ ببوو لە دەنگی قوتابیان؛ قوتابییەک بە ئارامی کتێبەکەی

دەخوێندەوە و یەکێکی تر پرسیاری لە هاوڕێکەی دەکرد. منیش بە ئارامی چوومە هۆڵەکە و لە شوێنی خۆم دانیشتم. ئەو کاتە دڵم بە خێرایی لێی دەدا.

کاتێک پەڕەی تاقیکردنەوەیان لەبەردەمم دانا، هەستم کرد بارێکی زۆر قورس کەوتووەتە سەر شانم. هەوڵم دا ئارام ببمەوە، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و داوام لە خودا کرد یارمەتیم بدات. دەستم بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان کرد؛ هەندێکیان زۆر ئاسان بوون، چونکە زۆر ماندوو ببووم بە خوێندنیان، بەڵام هەندێکی تریان زۆر سەخت بوون. کات زۆر بە خێرایی دەڕۆیشت و من هێشتا زۆربەی پرسیارەکانم مابوو؛ زۆر قەلەق بووم و بە شڵەژاوییەوە وەڵامم دەدایەوە، بەڵام کات ئەوەندە خێرا تێپەڕی نەمدەتوانی هەموو پرسیارەکان تەواو بکەم. لە کۆتاییدا، هەندێک لە پرسیارەکانم بەبێ وەڵام جێهێشت، چونکە کاتم تەواو بوو.

کاتێک تاقیکردنەوەکە کۆتایی هات، بە شڵەژاوییەوە لە هۆڵەکە دەرچووم. نە دڵنیا بووم لەوەی زۆر باش وەڵامم داوەتەوە، نە دڵنیاش بووم کە خراپ بووم؛ بەڵام بڕوام وابوو کە دەردەچم. ڕۆژ هات و چوو... من زۆر بەپەرۆش بووم بۆ وەرگرتنەوەی ئەنجامەکانم. لە کۆتاییدا ڕاگەیەندرا کە پاش هەفتەیەک ئەنجامەکان دەدرێنەوە؛ کات بۆ من

نەدەڕۆیشت، بەڵام دواجار ئەو ڕۆژە هات.

ئەو ڕۆژە یەکێکە لەو ساتانەی هەرگیز لە یادم ناچێتەوە. لەناو کۆمەڵێک قوتابیدا وەستابووم و لە لیستەکەدا بەدوای ناوی خۆمدا دەگەڕام. جارێک گەڕام... دووجار... بەڵام ناوی خۆمم نەدۆزییەوە. لەو ساتەدا هەستم دەکرد جیهان لە دەوروبەرم بە هێواشی دەسووڕێتەوە؛ دەنگی خۆشی و قاقای قوتابییەکان مێشکی پڕ کردبووم. هەستم دەکرد تەنها کەسم لەوێ کە ناخم دەسووتێت. بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە لە خۆم دەپرسی: "ئایا هەوڵەکانم بێسوود بوون؟" بەڵام هەر کە ئەو پرسیارە بە مێشکمدا هات، یادەوەرییەکانی دایکم گەڕانەوە ناو دڵم. بیرم کەوتەوە کە دایکم هەرگیز نەیگوتبوو ڕێگاکە ئاسان دەبێت؛ هەمیشە دەیگوت گرنگ ئەوەیە مرۆڤ واز نەهێنێت. ئەو ڕۆژە کاتێک گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، زۆر دڵتەنگ بووم؛ هەرچەندە هەوڵم دا خۆم دڵخۆش نیشان بدەم تا خوشکەکەم هەستی پێ نەکات، بەڵام هەر کە منی بینی ڕاستەوخۆ بۆ لام هات و وتی: "تۆ دەرچوویت، وایە؟ هەوڵەکانت بەهەدەر نەچوون؟" منیش بە دەنگێکی ئارامەوە وتم: "بەڵێ، دەرچووم." ئەو زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام کاتێک چوومە ژوورەکەم، پەردەکانم لادا و سەیری ئاسمانم کرد.

شەوێکی زۆر ئارام بوو و ئەستێرەکان دەدرەوشانەوە. لە ناخی خۆمدا

دەمگوت: ”دایکە... من کەوتم، بەڵام دڵنیابە واز ناهێنم.“ بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە نەمدەزانی چی بکەم و پەنا بۆ کوێ بەرم؛ دڵە پڕ لە ئازارەکەم لە لای کێ هەڵڕێژم؟ نەمتوانی ئەو ئاواتەی دایکم هەیبوو بەدی بهێنم. نەمدەزانی دەبێت چەند جاری تر هەوڵ بدەمەوە تا سەرکەوتوو بم، بەڵام دەمگوت: “دایکە گیان، بێ هیوات ناکەم و ئەم ئاواتە بە هەر شێوەیەک بێت بەدی دەهێنم؛ تەنانەت ئەگەر لە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانیشمدا بم، چونکە هیچ ناخۆشییەک ناگات بەو ساتەی کە تۆم تێدا لەدەست دا.”

ئەم قسانە وەک بڕیارێکی نوێ بوون لە ژیانمدا. لەو کاتەدا تێگەیشتم کە کەوتن کۆتایی ڕێگاکە نییە، بەڵکو بە مانای دەستپێکردنەوەیەکی نوێ دێت. لە ڕۆژانی دواتردا، دووبارە دەستم بە خوێندن کردەوە؛ بە هێزێکی زیاتر و بە بیرێکی قووڵترەوە.

مانگەکان هاتن و چوون؛ من هەر لە هەوڵداندابووم. هەموو ڕۆژێک دەچوومە سەر کار و قوتابخانە، کاتەکانم لەگەڵ خوشکەکەمدا بەسەر دەبرد و پاڵپشتییەکی زۆرم دەکرد تا ئەویش سەرکەوتوو بێت. دووبارە کاتی تاقیکردنەوەکان نزیک بووەوە؛ ئەمجارە شێوازی خوێندنەکەم گۆڕی و زۆر زیاتر هەوڵم دەدا. بەردەوام و بەردەوام بووم، چونکە دەبوو ئەمجارە سەرکەوتن بەدەست بهێنم.

ڕۆژی تاقیکردنەوە هات. کاتێک لە هۆڵەکەدا دانیشتم، هەستم جیاوازتر بوو؛ نەک لەبەر ئەوەی ترسم نەمابوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەی فێربووم چۆن لەگەڵ ترسەکانمدا بژیم و مامەڵەیان لەگەڵ بکەم. توانیم بەو باوەڕبەخۆبوونەی هەمبوو، بەسەر دوودڵی و ترس و شکستدا زاڵ بم. ئەمانەم هەمووی لە قسە بەنرخەکانی دایکم و ئەو سەختییانەوە فێر ببووم کە تێم پەڕاندن. کاتێک چاودێرەکە پەڕەی تاقیکردنەوەی لەبەردەم دانام، خەندەیەک هاتە سەر لێوم و لە ناخمدا وتم: "ئەمجارە من ئامادەم؛ خودایە، تۆ یارمەتیدەرم بە."

دەستم بە وەڵامدانەوە کرد. مێشکم زۆر ئارامتر بوو لە جاری پێشوو. هەوڵم دەدا خەیاڵم بۆ هیچ شوێنێک نەڕوات و تەنها سەرنجم لەسەر پەڕەکە بێت، چونکە کلیل و ئاواتەکانم لەوێدا بوون. زۆربەی پرسیارەکانم بێ کێشە وەڵام داوە. چەند پرسیارێکی کەم مابوون کە کەمێک ئاڵۆز بوون، بەڵام بیرم کردەوە کە ئەمە تەنها خەونی من نییە، بەڵکو ئاواتی دایکیشمە؛ بۆیە بە ئارامی بیرم لێ کردنەوە تا وەڵامەکانم هاتنەوە یاد. کاتێک پەڕەکەم ڕادەست کرد، دڵنیا بووم کە ئەمجارە سەرکەوتوو دەبم.

ڕۆژی ئەنجامەکان هات. چوومە قوتابخانە؛ دڵم بە خێرایی لێی دەدا. لەسەر لیستەکە بۆ ناوی خۆم گەڕام و ئەمجارەیان زۆر بە

خۆشحاڵییەوە ناوم دۆزییەوە: من سەرکەوتوو بووم! بەڵێ من سەرکەوتوو بووم! لەو ساتەدا هەستم کرد هەموو شەونخونی و ماندووبوونەکانم بەفیڕۆ نەچوون. ئێستا دەتوانم بچمە زانکۆ و تەنها هەنگاوێکی کەمم ماوە بۆ بەدیهێنانی خەونە گەورەکەم.

ڕۆشتمەوە ماڵەوە و هەموو ڕاستییەکەم بۆ خوشکەکەم گێڕایەوە؛ پێم وت کە جاری یەکەم سەرکەوتوو نەبووم، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو خەم نەخوات وام وتووە، بەڵام ئەمجارە بە ڕاستی سەرکەوتم! ئەو زۆر دڵخۆش بوو و پێی وتم کە بەم سەرکەوتنە، پاڵپشتییەکی گەورەترم بۆ ئەو بونیاد ناوە.

کاتێک ناوی خۆمم لەناو لیستەکەدا دۆزییەوە، وەک ئەوە وابوو بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا هەناسەیەکی ئازادی هەڵبکێشم. شەپۆلێکی شادی لەناو ناخمدا دەهات و دەچوو، ئارامییەک کەوتە مێشکم کە بەرپرسیارەتییەکی گەورەشی لەگەڵ خۆیدا هێنا؛ چونکە دەچوومە ناو جیهانێکی تەواو نوێوە کە دەبوو تێیدا بجەنگم، فێر ببم، و خودی خۆمی تێدا بدۆزمەوە.

پێش ئەوەی بڕۆم بۆ زانکۆ، لەگەڵ خوشکەکەم دانیشتین و مشتومڕێکی گەرممان هەبوو لەسەر چۆنیەتیی ڕێکخستنی کاتەکانم.

ڕۆژی یەکەمی زانکۆ بە شێوازێکی سەیر دەستی پێ کرد؛ کاتێک لەبەردەم دەرگای زانکۆدا وەستابووم، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و وتم: «لە کۆتاییدا گەیشتم!» ئێستا بۆ مامۆستای زمانی کوردی دەخوێنم. بینیت دایکە گیان؟ خەونەکەی تۆش خەریکم بەدی دەهێنم و دەتوانم خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەم بگەیێنم.

لەبەردەم دەروازەی زانکۆدا، هەستم دەکرد لەسەر سنووری نێوان دوو جیهان وەستاوم: جیهانی منداڵی و جیهانی پێگەیشتن. چوومە ژوورەوە و سەیری خوێندکارەکانی ترم دەکرد؛ هەر یەکەیان لەناو هەمان ڕێگای مندا دەڕۆیشتن، بە خەون و ئامانج و ترس و هیواوە. لە ڕوخسارياندا دوودڵی دیار بوو، منیش دەترسام بە هەمان شێوە دوودڵ دەربکەوم. هەموومان بەرەو شوێنێک دەڕۆیشتین کە داهاتوومانی تێدا دەنووسرایەوە. لە مانگەکانی یەکەمی قۆناغی زانکۆدا هەموو شتێک جیاواز بوو. دکتۆر و پرۆفیسۆرەکانمان لە هەفتەکانی دەستپێکدا بەردەوام ئامۆژگارییان دەکردین کە چۆن مامەڵە بکەین و دونیای زانکۆیان پێ دەناساندین؛ فێریان دەکردین چۆن بڕوامان بە خۆمان هەبێت و پشت بە تواناکانی خۆمان ببەستین. ئەم ئامۆژگارییانە زۆر بەسوود بوون و وایان لێ کردم زیاتر بەرپرسیارێتی بگرمە ئەستۆ.

دواتر دەستمان بە خوێندن کرد. وانەکان قورستر بوون و مامۆستاکان

ڕەخنەگرتر بوون. لە قوتابخانە پێیان دەگوتین لە زانکۆدا ئازادن، بەڵام لە ئامۆژگاریی دکتۆرەکانمەوە بۆم دەرکەوت کە بەپێچەوانەوە؛ لە زانکۆدا دەبێت هەستیارتر بیت، چونکە ڕەفتارەکانت ئاماژەن بۆ کەسایەتیت. هەر وانەیەک پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی قووڵتر هەبوو و هەر هەڵەیەکی بچووک دەبووە وانەیەکی گەورە.

کاتێک لە زانکۆ دەگەڕامەوە، ماندووبوون وەک بارێکی قورس لەسەر شانەکانم بوو. دوای پشوودان، کاتێک کتێبەکانم دەکردەوە، هەندێک جار وشەکان وەک سێبەر لە بەرچاومدا تێدەپەڕین و لە مانایان تێ نەدەگەیشتم. لەو کاتەدا هەمان هەستی کۆنی تاقیکردنەوەکانم بۆ دەهاتەوە؛ تێکەڵەیەک لە ترس و گومان: "ئایا دەتوانم؟ ئەی ئەگەر شکست بهێنم؟" بەڵام لەو ساتەدا دەنگێکی نزم و گەرم وەک یادگارییەک لە دوورەوە دەهات: "بەردەوام بە... تۆ دەتوانیت." ئەم دەنگە هەموو شتێکی دەگۆڕی. بە خۆمم دەوت: "بەڵێ، تۆ دەتوانیت سەرکەوتوو بیت." پاشان بە هێزێکی زۆر و هەستێکی ئارامەوە دەستم بە خوێندن دەکردەوە. دوای خوێندن دەچوومە سەر کار و شەوان درەنگ کە دەگەڕامەوە، لەگەڵ خوشکەکەم دادەنیشتم و باسی ڕۆژەکەمان بۆ یەکتر دەکرد. کاتەکانم بە وردی دابەش کردبوو تا هەموو ئەرکەکانم لە کاتی خۆیدا تەواو بکەم. بەم شێوەیە لە کاروانی زانکۆدا

بەردەوام بووم.

دوای چەند مانگێک، یەکەم کێشەم لە زانکۆدا هاتە ڕێم. تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ نزیک دەبووەوە و لە وانەیەکدا گرفتێکی زۆرم هەبوو؛ هەستم دەکرد ناتوانم بە تەواوی لێی تێبگەم. مێشکم ئاڵۆز بوو، پرسیاری زۆرم بۆ دروست دەبوو و نەمدەتوانی وەڵامەکان بدۆزمەوە. کات زۆر بە خێرایی تێدەپەڕی و من هێشتا لە بابەتەکانی سەرەتادا مابوومەوە. بەهۆی ئەوەی لە پشووی خوێندندا بووین، نەمدەتوانی دکتۆرەکەم ببینم و پرسیاری لێ بکەم؛ هەستم دەکرد بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی دەچێت.

شەوێک کاتێک لەسەر مێزەکەم خەریکی خوێندن بووم، دەستم لەسەر کتێبەکەم هەڵگرت، چاوەکانم داخست و بە هێواشی هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. بە دەنگێکی نزم وتم: ”من ماندووم...“ ئەوەندە ماندوو بووم، بەڵام ئەمجارە وەڵامەکانم زۆر بە خێرایی وەرگرتەوە؛ مێشکم پێی وتم: “ماندووبوون بە واتای ئەوە دێت کە هەوڵ بدەم، نەک ئەوەی نەتوانم.”

ڕاستەوخۆ چاوەکانم کردەوە. هەستێکی سەیرم بۆ هات، وەک ئەوەی دایکم لە تەنیشتم دانیشتبێت. تێگەیشتم کە لە هەر دۆخێکدا بم،

نابێت بەیانی لە هەمان دۆخدا بمێنمەوە؛ کاتم بەس بوو بۆ هەوڵدان و کۆڵنەدان. دوای ماوەیەک، من زۆر گۆڕام. ئەو وانەیەی وەک دیوارێکی بەرز وابوو لەبەردەممدا سەرکەوتنی لێم حەشار دابوو، بوو بە ڕێگایەکی تەخت کە بە ئاسانی پێیدا تێدەپەڕیم. من بووم بە "دوێر" ێکی بوێر و سەرکەوتوو. سەرکەوتنم لە چاوەکانی خۆمدا دەبینی و دەمزانی خەونی دایکم و خێزانەکەم بەدی دەهێنم. دایک و باوکم لە ئاسمانەوە دەمبینن؛ زۆر جار دڵم بۆیان پڕ دەبوو، بەڵام دەمگوت: "ڕاستە ئەوان لێرە نین، بەڵام بە ئامۆژگارییە بەنرخەکانیان هەمیشە لەگەڵمدا دەژین."

کاتێک کاتی تاقیکردنەوەکان هات، ئەو هەستەی پێشتر هەمبوو نەما؛ هەندێک ترسم مابوو، بەڵام دەمتوانی بەسەریدا زاڵ بم و کۆنترۆڵی بکەم. من بەردەوام بووم لە خوێندن تا کاتی تاقیکردنەوەکە هات. بەیانییەکەی ڕۆشتم بۆ زانکۆ و لەو هۆڵەدا دانیشتم کە تاقیکردنەوەکەی لێ دەکەم. من زۆرم خوێندبوو و هیچ ترسێک لە دڵمدا نەمابوو، زۆر بڕوام بە خۆم بوو. کاتێک پەڕەی تاقیکردنەوەکە لە پێشم دانرا، خەندەیەکی نزم هاتە سەر لێوانم و وتم: "من ئامادەم."

دەستم بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان کرد بە مێشکێکی ڕێکخراو و زۆر ئارام بووم؛ کات دەڕۆیشت، بەڵام وەک ئەوەی هاوڕێم بێت نەک دوژمنم. بە هێواشی ساڵەکە تێدەپەڕی؛ هەر کێشەیەک دەهاتە سەر

ڕێگام، فێری دەکردم چۆن لەگەڵی بژیم. ژیان تەنها خۆشی و شادی نییە، دەبێت فێربیت چۆن سەرکەوتوو دەبیت لە کاتێکدا لەگەڵ کێشەیەکدا دەژیت. لە ناخدا نابێت ڕێگە بدەیت کێشەکە بتڕووخێنێت، بەڵکوو دەبێت تۆ بیڕووخێنیت و زاڵ بیت بەسەریدا.

زۆر کات ماندوو دەبووم، هەندێک جار دەکەوتم و وام دەزانی تەواو، ئەمە ئاخیری ڕێگاکەیە. زۆر جار بە دڵێکی زۆر توندەوە و بە مێشکێکی زۆر پڕەوە خوێندوومە، بەڵام هەرگیز وازم نەهێنا. تاکە شت بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە سەر ڕێچکەکەم، یادکردنەوەی دایکم بوو. وشەکانی دایکم ببوون بە ڕێنیشاندەر، هیوا و هۆکارێک بۆ بەردەوامبوونم.

دوای چەند ساڵێک، ئەو ڕۆژە هات کە ئاواتم بۆ دەخواست و هەمیشە لە خەیاڵمدا بوو: ڕۆژی وەرگرتنی بڕوانامە. هۆڵی ئاهەنگگێڕانی زانکۆ پڕ بوو لە خوێندکار و هاوڕێکانم. هەموومان دڵمان زۆر خۆش بوو کە بە سەرکەوتوویی ئەم قۆناغەشمان تێپەڕاند. کاتێک ناوم خوێندرایەوە و بانگ کرامە سەر سەکۆکە و بڕوانامەکەم پێدرا، کاتێک بڕوانامەکەم بەدەستەوە گرت، وەک ئەوە وابوو کات لە جیهاندا وەستابێت بۆ من و بۆ ئەو وتارەی کە پێشکەشی دەکەم. سەرم بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و بە دەنگێکی زۆر نزم وتم: “دایکە، باوکە... من هەموو هەوڵێکم دا بۆ ئەوەی ڕێگای خوێندن و خەونەکانم بهێنمە دی و تێیدا سەرکەوتوو بم،

و هەرگیز بە دەستبەتاڵی نەگەڕامەوە؛ من کردم، خەونەکانتانم هێنایە دی."

فرمێسک لە چاوەکانمدا کۆببۆوە، بەڵام ئەمجارە فرمێسکی دڵخۆشی بوو، نەک ناخۆشی و ئازار. لەو کاتانەدا چەندەها بیر و ڕای جیاوازم بۆ دەهات و تێگەیشتنم فراوانتر ببوو. فێربووم کە سەرکەوتن تەنها گەیشتن بە ئامانجەکانت نییە، بەڵکوو ئەو ڕێگایەیە کە مرۆڤ تێیدا دەگۆڕێت، وانەی لێ وەردەگرێت و کاری چاکتر و جوانتر فێردەبێت. ئەو کەسەی لە یەکەم ڕۆژی زانکۆدا وەستابوو، نائارام بوو و ترس لە جەستەیدا هەبوو، ئێستا ئەو کەسە نەماوە؛ بە تەواوەتی گۆڕاوە لە هەموو ڕوویەکەوە. ئەو ئێستا کەسێکی ترە: داناتر، بەتواناتر، بەهێزتر و پڕتر لە باوەڕ.

بەڵام لە ناخمدا هێشتا ئەو منداڵە مابوو کە گوێی بۆ دەنگی دایکی دەگرت کاتێک ئامۆژگاری دەکرد، و هێزی لە یەکە بە یەکەی وشەکانی وەردەگرت. بۆیە من دەستم کرد بە پیشەی مامۆستایەتی، دەستم کرد بە خزمەتکردنی گەلەکەمان و پەروەردەکردنی نەوەی نوێی خاکەکەمان.

# خەونێک لە کرێوەی ڕووداودا

سۆز إبراهیم سلاح & سنە ئازاد هەمەوەندی



Copyright ©2026 King's School

KING'S SCHOOL